


## ناوەرۆکی سیدی ئەمجارە لەم فۆڵدەرانە پێکهاتوە:

-فۆڵدەری Logo بەرنامەیەکی تێدایە کە لە لاپەڕە 11 باسی لێکراوە.

-فۆڵدەری USB بەرنامەیەکە بۆ پاراستنی فلاشمیمۆریەکەت لە ڤایرۆس و بابەتەکە لە لاپەڕە 14 باسکراوە.

-فۆڵدەری VCD بەرنامەیەکی تێدایە لەلاپەڕە 12 باسکراوە.

-فۆڵدەری Tajweed بەرنامەیەکی تێدایە لە لاپەڕە 25 باسکراوە.

-فۆڵدەری Fox بەرنامەیەکی تێدایە بۆ دەستکاری کردنی فایلی PDF لە لاپەڕە 28 باسکراوە.

-فۆڵدەری Laptop بەرنامەی ئاگادارکردنەوەیتێدایە کاتێك لاپتۆپەکەت دەدزرێت و بەرنامەکە لە لاپەڕە 30 شیکراوەتەوە.

-فۆڵدەری Speccy بەرنامەیەکی تێدایە لە لاپەڕە 35 باسکراوە کە پێت دەڵێت کۆمپیوتەرەکەت چ جۆرە مواسەفاتێکی هەیە.

-فۆڵدەری VGA چەند بەرنامەیەکی تێدایە کە لە لاپەڕە 38 باسیلێکراوە.

**ناونیشانی گۆڤاری سی فۆر کورد:**

**هەولێر ـ شەقامی سوڵتان موزەفەر ـ بازاڕی موزەفەریە ـ نهۆمی سێهەم**


ژمارە 36

# سی فۆر کورد

www c4kurd.com

گۆڤارێکی مانگانەی ئەهلییە تایبەتە بە بواری تەکنەلۆژیای زانیارییەکان

ژمارە (٣٦) ساڵی سێیەم تشرینی دووەمی ٢٠٠٩

C4kurd

A Monthly Magazine Publication on Information Technology

No. (36) 3rd Year November 2009

www.c4kurd.com

خاوەنی ئیمتیاز:

**شێخ فاتح ئیبراهیم**



سەرنوسەر:

**هێمن فاتح**

مۆبایل: 07702124447 – 07504562693

ئیمەیڵ hemn@c4kurd.com

جێگری سەرنوسەر:

**هەردەوان نەقشبەندی**

مۆبایل: 07706449565

ئیمەیڵ harda@c4kurd.com

بەڕێوەبەری نوسین:

**حازم حەمەد جاف**

مۆبایل: 07504664288

ئیمەیڵ hazimjaf@c4kurd.com

دەستەی نوسەران:

**محەممەد ئەبوبەکر**

**مەهدی ئۆمەرێلی**

**محەممەد مێرگەیی**

دیزاین:

گروپی سی فۆر کورد



بۆ ناردنی بابەت و پێشنیار و ڕەخنەکانتان لە ڕێگەی ئیمەیڵی:

np@c4kurd.com

نرخی ( ٢٠٠٠ ) دینارە

( ٢٠٠٠ ) دانەی لێ چاپ دەکرێت

لە چاپخانەی (حاجی هاشم) لە چاپدراوە


# لەم ژمارەیـــەدا





| | |
|---|---|
| فەیس بوک بە 350 ملیۆن ئەندامەوە دەبێتە دیاردەیەکی سەرنج راکێش | 3 |
| پلاندانان بۆ دامەزراندن و دروستکردنی نێتۆرك | 6 |
| زانکۆکانی کوردستان تا ئێستا خاوەنی سایتێکی پرۆفیشناڵ نین | 8 |
| گوگڵ پلەی نایابی پێ بەخشیم | 9 |
| دروستکردنی لۆگۆ بە بەرنامەی The Logo Creator | 10 |
| مەبەست لە دیواری ئاگرین چیە؟ | 12 |
| بەرنامەیەك بۆ پاراستنی فلاش میمۆریەکەت لە هەموو ڤایرۆسێك | 14 |
| بەرنامەی VCD Cutter | 15 |
| چۆنیەتی سود وەرگرتن لە بەرنامەی RSS | 16 |
| چارەسەرکردنی پیشاننەدانی کێشەی نوسینی کوردی و عەرەبی لە ویندۆزدا | 19 |
| مایکرۆسۆفت داوای لێبوردن دەکات | 20 |
| بڕوانامەی فەخری بۆ داهێنەری کامێرای دیجیتاڵ | 20 |
| ئەو وشانەی لە ساڵی 2009 زۆرترین گەڕانی بۆ کراوە | 21 |
| ماوسێکی تازە 18 دوگمەی پێوەیە | 21 |
| زنجیرەی فێربونی مایکرۆسۆفت ئێکسڵ 2007 | 22 |
| بەرنامەی تەجوید | 25 |
| پاراستنی زانیاری لە مایکرۆسۆفت ئەکسس | 26 |
| بەرنامەی FoxitReader بۆ زیادکردن و دەستکاری کردنی فایلی PDF | 28 |
| خێراترکردنی کرداری کوژاندنەوەی کۆمپیوتەر .. | 29 |
| نرخە هەڵە لە هاوکێشەکانی بەرنامەی ئێکسڵ | 30 |
| بەرنامەیەك بۆ ئاگادارکردنەوەت لە دزرانی لاپتۆپەکەت | 30 |
| ناونیشانی چەند سایتێکی هەمەڕەنگ | 31 |
| دروستکردنی پەردە بۆ شاشەی کۆمپیوتەرەکەت | 32 |
| رونکردنەوەیەك دەربارەی پاتری لاپتۆپ و پاراستنی لە تێکچون | 34 |
| خێراترین بەرنامە بۆ زانینی تەواوی زانیاری کۆمپیوتەرەکەت | 35 |
| زیادکردنی فۆڵدەر درایڤەر بۆ SEND TO | 36 |
| چارەسەرکردنی جام بونی دیسکتۆپ و تاسك بار | 37 |
| زیادکردنی قەبارەی کارتی شاشە | 38 |


## 8 مەبەست لە دیواری ئاگری (Windows Firewall) چییە؟




## 16 چۆنیەتی سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای RSS



## 26 پاراستنی زانیاری لە مایکرۆسۆفت ئەکسسدا






# فەیس بوك بە ٣٥٠ ملیۆن ئەندامەوە دەبێتە دیاردەیەکی سەرنج ڕاکێش

هێمن فـــاتـــح

هەر لە سی فۆر کورددا دوو ساڵ لەمەو پێش باسی ئەوەمان کرد کە کورە گەنجێکی وەکو مارك چۆن لە ماوەی یەك ساڵدا بوە خاوەنی ملیاران دۆلار و چۆن سایتەکەی و ئەندامەکانی لە 30 ملیۆن تێ پەڕی.


وا ئێمە دوای دوو ساڵ جارێکی تر مارك و سایتی فەیس بوکتان دێنینەوە یاد www.facebook.com، ئەمجارەیان بە جیاواز لە دوو ساڵ لەمەو پێش زۆر بە خێراتر بەرەو پێش چووە بە ڕادەیەك ئێستا بوەتە دیاردەیەك کە لە هەموو دیاردەکانی ساڵی 2009 دیار تر و سەرنج ڕاکێش ترە.

## دوهەم سایت لەسەر ئاستی جیهان

سایتی فەیس بوك بەوە نەوەستا کە نرخی گران و کاری جوان بێت بەڵکو شانی دا لە شانی یاهوو و ئێستا دوهەم سایتە لە سەر ئاستی جیهان بە پێی سایتی ئەلێکسا و خەریکە بەرەو هەڵکشان دەڕوات شان لە شانی گوگڵ بدات کە ئێستا یەکەم سایتە.




کەواتە ئەگەر سەیری ساڵێك لەمەو پێش بکەین یاهو یەکەم سایتی جیهان بوو هەروەها گوگڵیش دوهەم، بەڵام ئێستا یاهوو سێهەمە و فەیس بوك دووهەمە. بەم شێوەیە مارك توانیویەتی سەرکەوتنێکی تر بە دەست بهێنێت و بە تەنها بیر لەوە نەکاتەوە دوهەم سایتی جیهان بێت بەڵکو هەڵ دەکشێت




تاکو بە گژ کۆمپانیای زەبەلاحی گوگڵیشدا بچێت.

ئەگەر سەیری وێنەکی سەرەوە بکەیت گوگڵ ئەو هێڵەی سەرەوەیە و فەیس بوکیش لە هەڵکشانە.

## فەیس بوك چیە؟

هەر خوێنەرێك بگەڕێتەوە بۆ نوسینەکانمان لە سەر فەیس بوك تێ دەگات کە ئەم سایتە چیەو بۆچی باشە! بەڵام ئەگەر بە کورتی پێناسەیەکی بکەین دەتوانین بڵێین سایتێکی کۆمەڵایەتی و پەکترناسین و تێکەڵبون و ئاشنابونی فەرهەنگ و کەلتورەکانی جیهانە.

فەیس بووك وات لێ دەکات ئاگاداری هاورێیەکەت بیت جا ئەگەر لە یەك کۆڵاندا بن یاخود لە ئەمریکا. هەواڵ و وێنەو زانیاری لە نێوان یەکتر بگۆڕنەوە، چات بکەن، یاری بکەن. جگە لەوەی ئەویە لە ژیانی ڕاستە قینە بۆمان فەراهەم نابێت لەوێ ژیانێکی ڕاستی خەیاڵی بۆ دروست کردویت. ڕاستی خەیاڵی بە مانای بە یاساو ڕێسایەکی ڕاستی کارێك دەکەیت لە نێو ئینتەرنێت کە یاساکەی ڕاستیەو کارەکەت خەیاڵەو لە نێو ئینتەرنێتە. جگە لەوەی هەرگیز نایەڵێت بێزار بیت و هەمیشە لە نوێ بونەوەدایە بەجۆرێك پشت بە پێشنیارەکانی ئەندامەکانی دەبەستێت.

## ژمارەی ئەندامانی فەیس بوک

ئێمە پێش دوو ساڵ وتمان ژمارەی ئەندامانی خۆی داوە لە 30 ملیۆن ئەندام، بەڵام لەم ڕۆژانە سایتی فەیس بوک ڕایگۆیاند کە ئیتر خاوەنی 350 ملیۆن ئەندامە و بەمەش پێشی زۆربەی سایتەکانی جیهانی داوەتەوە. ئەوەشی دڵخۆشکەرە بۆ خاوەنی ئەم پرۆژەیە ئەوەیە کە ڕۆژانە ئەندام لە زیاد بوندایە.




مارك خاوەنی سایتی فەیس بووك

لە مانگی هەشتی 2008 فەیس بوک خاوەنی 100 ملیۆن ئەندام بوو، لە 15 ی نۆی ئەمساڵ بوە خاوەنی 300 ملیۆن ئەندام و ئەم هەفتەیە ڕایگەیاند کە ژمارەی ئەندامەکانی لە 350 ملیۆن ئەندام تێ پەڕیوە. ئەمەش بە شتێکی سەر سامکەر دادەنرێت کە بەو خێراییە ژمارەی ئەندامەکانی لە هەڵکشاندایە.

## بۆ فەیس بوک بە ناوبانگە؟

ژیانی ئەمرۆی مرۆڤایەتی بەشێکی زۆری بەندە بە ئینتەرنێتەوە، ڕۆژ بە ڕۆژیش ئەم پەیوەندیە بەتین تر دەبێت بەڕادەیەك چەند ئەو پەتین بێت ئەوەندە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بەرەو لاوازی دەڕۆن. بۆیە چەندین سایتی تایبەت بە بواری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دروست بون. بەڵام بۆ ئەوانی پێش فەیس بوك و ئەوانی دوای ئەویش کە دروست بون نەگەیشتنە ئاستی فەیس بوك؟

ڕەنگە زۆر هۆکار هەبن بەڵام بە کورتی دەتوانین بڵێین گرنگترین هۆکار: بەکارهێنانی ئینتەرنێت بە ڕێژەیەکی شاقوڵی لەزیاد بوندایە، هەروەها فەیس بوك بەردەوام بیر لە نوێکاری شتی تازە دەکات کە نایەڵێت ئەندامەکانی بێزار بێت.

فەیس بوك لە ناوەندی زانکۆوە دروست بوە، واتە زۆربەی بوارەکانی دابەش بوە بە سەر چەندین ئاستی جیاوازی کۆمەڵگاکاندا. بۆ نمونە مامۆستایەکی زانکۆ و کرێکارو عەمەلەیەکی کۆ کردۆتەوە، شتی داناوە بۆ دکتۆرێك و هەروەها یاری داناوە بۆ منداڵێك. ئەوەی حەزی لە چێشت لێنانە چێشتخانەی بۆ کردوەتەوە ئەوەی حەزی لە فەلاحیە کێڵگەی تایبەتی بۆ داناوە.

ڕەنگە بپرسن دانانی کێڵگەو چێشتخانە لە کوێ؟ بێگومان هەموان لە نێو سایتەکەی خۆی کە تۆ دەتوانیت چۆن کشتوکاڵ دەکەیت ئەوهاش لە نێو سایتی فەیس بوك بیکەیت.

هەروەها یارمەتیدەرێکە بۆ بواری سیاسەت و زۆربەی کەسە سیاسیەکان ئەندامی فەیس بوکن و کارو چالاکی خۆیان پیشانی ئەو 350 ملیۆن ئەندامە دەدەن.

بۆ نمونە کەسێکی وەکو کاك دکتۆر بەرهەم خاوەنی




لاپەڕەیەکی فەیس بوکە جگە لەوەی ئەندامەو ڕۆژانە کارو چالاکیەکانی پیشانی ئێمە دەدات. یاخود ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا. یان ئەگەر بڵێم من تازەترین فلیمی جاکی شانیش لە فەیس بوکەوە دەزانم پێتان سەیر نەبێت، چونکە ئەویشم زیاد کردوە چ ڕەسمی تازەو هەواڵی تازەیەتی ئاگادارم.

## یاریەکانی فەیس بوك شۆڕش بەرپا دەکەن

لە پەیدا بونی تریسکەی تەکنەلۆژیا یاریەکانی کۆمپیوتەر و ئەتاری و پلەیستەیشن یەکێك بوە لە بوارە زۆر سەرنج ڕاکێش و ئەکتیڤەکان. فەیس بوك ئەسپی خۆی لە بواری یاری تاوداوە بە ڕادەیەك خەڵکانێکی زۆر زۆری لە خۆ کۆکردوەتەوە. یاریەکانی فەیس بوك هەموو ئاست و توێژەکانی کۆمەڵگای گرتوەتەوە. بە پێی هەواڵێکی سایتی فەیس بوك ئەو سایتە خاوەنی زیاتر لە 350 هەزار یاری و ئەپلیکەیشنە. هەندێك یاری تایبەتە بە بەهێزکردنی مێشك و هەندێکشیان تایبەتن بە زانیاری گشتی لە بارەی مێژوو و جوگرافیای و بواری زانستی. جگە لەوەش هەندێك یاری تری تێدایە تایبەتە بە بواری کۆمەڵایەتی و گەرەکی خۆتت هەیە و دەبێت سەردانی برادەرەکانت بکەیت. هەندێکی تریشیان دروستکردنی کێڵگەو چێشتخانەو بە خێوکردنی گیاندارانە.

www.c4kurd.com

## گرنگترین لە یاریەکانی فەیس بوک

ئێمە دەمانەوێت چەند تیشك بخەینە سەر یەك یاری کە ئێستا بونەتە دیاردەو هەموان بە بەکارهێنەری کوردیشەوە سەرقاڵی ئەو یاریەن و رۆژانە خەریکی کێڵان و جوت و پەیداکردنی حەیواناتن.

**یاری کێڵگە** (Farm Ville)

ئەم یاریە خاوەنی زیاتر لە 7 ملیۆن ئەندامەو رۆژانە خەریکی کارن تێیدا.

زۆرێکمان حەزمان لەوەیە خانوە سەد مەتریەکەمان دوو سەد مەتر بێت و ببینە خاوەنی باخچەیەکی جوان و رازاوە بە گوڵ و گوڵزار. بەڵام فەیس بوك ئەم کارەت بە ئاسانی بۆ




جێ بە جێ دەکات. هەر بۆیە من و تۆ و زۆرێکمان خاوەنی کێڵگەو باخچەیەکی رازاوەین.

سەرەتای کارەکەت بە زەویەکی بچوك و پارەیەکی کەم دەست پێ دەکات، دەبێت بەو پارەیەی هەتە زەویەکە بکێڵیت و چەندیت تۆوت هەیە بۆ ئەوەی بیچێنیت و هەر یەکەشیان




ماوەیەکی دیاری کراوی هەیە بۆ پێگەیشتن و هەروەها نرخیکی هەیە بۆ ئەوەی بیکریت و دوایی بیفرۆشیت.

دوای ئـەوەی بـۆ نـمونـە باینجانت کـڕی بـە 25 کۆین ئەوکات دوای 2 رۆژ پێ دەگات و دەتوانیت بە 88 کۆین بیفرۆشیتەوە.

بەم شێوەیە چەندین جۆر تۆوت هەیە بۆ ئەوەی بیچێنیت. ئەگەریش درەنگ بیدوریتەوە ئەوە وشك دەبێت :)




جگە لەمانە دەتوانیت خانوو و چەندین جۆری دیکۆرات بکریت تاکو کێڵگەکەتی پێ برازێنیتەوە.

### کۆتا وتە

ئەمەی باسمان کرد تەنها بوارێکی کەمی سایتی فەیس بوەو زۆر بوارو کاری تری سودمەندی تێدایە کە لە خۆوە نیە 350 ملیۆن مرۆڤ لەسەر ئەم زەویە رۆژانە سەردانی ئـەم سایتە بکەن و کـارو چالاکی خۆیانی تێدا ئەنجام بـدەن. بـەجـۆرێك ئـەم سایتە جێگەی ئیمەیڵ و چـات و ئەلبومی وێنەو زۆر شتی تری بۆ بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت گرتوەتەوە. بۆیە دەگونجێت بڵێین فەیس بوك دیاردەیەکی زەقی ئەمرۆی کۆمەڵگاکانی دونیایە بە کۆمەڵگای کوردیشەوە کە زۆرێکمان رۆژانـە فەیس بوك بەکار دەهێنین و سودی لێ وەردەگرین.

هـەروەهـا دەتوانیت تازەترین هـەواڵی گۆڤاری سی فۆر کوردیش لە فەیس بوك بخوێنیتەوەو بە ئەندامان و دەستەی بەڕێوەبەردنی سی فۆر کورد ئاشنا بیت و بزانیت بە وێنەوە چۆن سی فۆر کورد دێتە بەر دەستی ئێوەی خوێنەر. لەگەڵ ئەوەشدا دەنگی پێ بدەیت و ببیتە ئەندام لە لاپەڕەی تایبەت بە گۆڤار لە فەیس بوکدا.

تۆش وەکو بەکارهێنەرێکی کۆمپیوتەر کە پێویستت بە خوێندنەوەی هەواڵ و کردنەوەو ناردنی ئیمەیڵ و چاتکردنە لە ئینتەرنێت ئەمانە هەمووی لە فەیس بوك بۆت کورت کراوەتەوەو هەموان لە یەك شوێندا بەکار ببەی.



# پلانـــدانان بـــۆ دامـــەزرانـــدن و دروستکـــردنـــی نێتـــۆرك

ئەنـدازیـار حـازم حەمەد جـاف

- بەشی نۆیەم -

لەبەش رابردووی ئەم زنجیرەماندا، دەستمانکرد بە باسێکی تازە کە ئەویش بریتی بوو لە چۆنیەتی دابەشکردنی ئای پی بۆ ئەو نێتۆرکانەی کە بەنیازین دایبمەزرێنین، لەم بەشەشدا درێژە بەو باسەمان دەدەین..

**جۆرەکانی ئای پی:**

لە (IPv4) بـوار(Range)ی ناونیشانەکانی ئای پی بە (0.0.0.0) دەست پێ دەکات و بە (255.255.255.255) کۆتایی دێت. بەڵام ئەو ئای پیانە هەموویان بەکارنایێن بۆ ناونیشانەکانی هۆست (ئامێرو کۆمپیوتەرەکان لە پەیوەندیەکانی یونیکاست (unicast). بێگومان لە درێژەی ئەم بابەتەماندا باس لە جۆرەکانی ئای پی و پاشانیش لە زنجیرەکانی تر باس لە یونیکاست دەکەین.

ئەم خشتەیەی خـوارەوە بوارە سەرەکییەکانی ئای پی دیاریی دەکات لە (IPv4)، بۆ زانیاری زیاتر خوێنەری بەڕێز دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ (RFC) هەریەکیان کە ژمارەکانیان لە خشتەکەدا دیاریی کراوە، ئەویش بە گەڕان لە ئینتەرنێت بۆ ئەم ژمارەی (RFC)یانە.

Reserved IPv4 Address Ranges

| Type of Address | Usage | Reserved IPv4 Address Range | RFC |
|---|---|---|---|
| Host Address | used for IPv4 hosts | 0.0.0.0 to 223.255.255.255 | 790 |
| Multicast Addresses | used for multicast groups on a local network | 224.0.0.0 to 239.255.255.255 | 1700 |
| Experimental Addresses | • used for research or experimentation<br>• cannot currently be used for hosts in IPv4 networks | 240.0.0.0 to 255.255.255.254 | 1700<br>3330 |

- **ناونـشـانـەکـانـی بـۆ بـــواری تاقیکاری بەکاردەهێنرێت (Experimental Addresses):**

یەکێك لـەو کۆمەڵە ئەدرێسە سەرەکیانەیە کە تایبەت کراوە بۆ مەبەستی تاقیکاری و بوارەکەی لە (240.0.0.0) بۆ (255.255.255.254)یـــە. لە کاتی ئێستاماندا ئەم ئەدرێسانە هەڵگیراون بۆ بەکارهێنانیان لە ئایندەداو ئێستا بۆ خانەخوێکان (Hosts) بەکارنایەن. ئەمەش مانای ئەوەیە لەکاتی پێویستی دەکرێت بەکاربهێنرێن. بەڵام ئەم جۆرە ئای پیانە ئێستاکە دەتوانرێت لەبواری توێژینەوە تاقیکاریەکان بەکاربهێنرێن.

- **ناونیشـانـەکـانی مـەڵتیکـاست (Multicast Addresses):**

کۆمەڵەیەکی تر لە ئای پیەکان دیاریی کراون بۆ مەبەستێکی تر ئەویش بریتییە لە ناونیشانەکانی مەڵتیکاست، ئەم ئای پیانە بەکارهێنانی تایبەتیان هەیە لە بواری نێتۆرکدا، ئەم کۆمەڵـەیـەش بـە (224.0.0.0) دەسـت پێدەکات و بە (239.255.255.255) کۆتایی دێت. هەروەها ئەم کۆمەڵەیە دابەش دەکرێن بۆ چەند کۆمەڵەی بچووکتر کە ئەمانەن:

- reserved link local addresses:

ئـەم کـۆمـەڵـەیـە بـوارەکـەی لـە (224.0.0.0) بۆ (224.0.0.255)ەو دیاریکراوە بۆ ئەو ناونیشانانەی کە پێیان دەوترێت (link local addresses). ئەو پاکێتە داتایانەی کە بۆ ئەو ئای پیانە دەنێردرێن پێویستە بەهای (Time-To-Live (TTL))ەکەیان (1) بێت. بۆیە ئەو راوتەرانەی کە ئەم جۆرە پاکێتە داتایانەیان پێ دەگات ئەم پاکەتانە بە هیچ شێوەیەك فۆروەرد (Forward) ناکەنەوە. ئەم جۆرە ئای پییانەش بۆ پرۆتۆکۆڵەکانی راوتینگ (Routing Protocols) بەکاردەهێنرێن وەکو (OSPF) و (EIGRP) و .. هتد. ئەویش بۆ گواستنەوەی زانیاریەکانی تایبەت بەو پرۆتۆکۆڵانە لە نێوان راوتەرەکاندا.

*تێبینی:* جۆرێکی تریش لە ئای پی هەن هەمان ناویان هەیە (link local addresses) بەڵام لەو بواری ئای پییانە نین، بەڵکو لە (169.254.1.0) بۆ (169.254.254.255) ئەم ئای پیانە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەدرێن بەو ئامێرانەی کۆمپیوتەر ئەگەر بێتو ئەم کۆمپیوتەرە هیچ ئای پی پێ نەدرابێت نە بە ستاتیك وە نە بە (DHCP).

- globally scoped addresses:

ئـەم جـۆرە ئـای پیـانە کـە لـە (224.0.1.0) وە بۆ (238.255.255.255)ە، بەکاردەهێنرێن بۆ گواستنەوەی

www.c4kurd.com

داتا لە ئینتەرنێتدا، بۆ نموونە ئای پی 224.0.1.1 تایبەتکراوە بۆ (NTP) (Network Time Protocol) ئەم پرۆتۆکۆڵەش بەکاردێت بۆ ڕێکخستنی (synchronize) کاتژمێرەکانی (time-of-day) لە ئامێرەکانی نێتۆرکەکاندا.

- administratively scoped addresses:
ئەم جۆرەیان پێشیان دەوترێت (limited scope addresses) و تایبەتکراون بۆ کاروباری تایبەت بە هەندێك لە ڕێکخراوەکانی بواری ئینتەرنێت.

• **ناونیشانەکانی خانەخوێ** (Host Addresses):

جگە لەو بواری ئای پیانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن، ئەو کۆمەڵە ئای پیانە دەمێننەوە کە پێیان دەوترێت ناونیشانەکانی هۆست کە بە (0.0.0.0) دەست پێ دەکات و بە (223.255.255.255) کۆتایی دێت، بێ گومان ئەمانەش زۆرترین ئای پین لە (IPv4) چونکە بۆ هۆستەکان (ئامێرەکان) بەکاردێن. پێویستە ئەوەش بڵێین کە هەندێك بواری ئای پی هەن هەر لەناو ئەو بوارەی سەرەوە بەکاردێن بۆ مەبەستی تایبەت کە دواتر باسیان لێوە دەکەین.

بە شێوەیەکی گشتی ئەم بوارەی ئای پی دەبێت بە دوو بەشەوە:

1- ئای پییە گشتیەکان (Public IPs) یاخود (Real Addresses).

2- ئای پییە تایبەتەکان (Private IPs).

زۆرترین ڕێژەی ئەو کۆمەڵەش ناونیشانە گشتیەکانن کە بۆ ئەو ئامێرو کۆمپیوتەرانە بەکاردەهێنرێن کە ڕاستەوخۆ بە تۆڕی ئینتەرنێتەوە بەستراونەتەوە و پێویستە ئەو ناونیشانانە تاکانە (Unique) بن واتا پێویستە بۆ هەر ئامێرێك یان کۆمپیوتەرێك تەنها یەك ناونیشان یان بڵێین ئای پی هەبێت و لە ناو تۆڕی ئینتەرنێت دووبارە نەبوبێتەوە. بەڵام ناونیشانە تایبەتەکان کەمترن و بۆ ئەو ئامێرو کۆمپیوتەرانە بەکاردێن کە لە تۆڕێکی ناوخۆ بەکاردەهێنرێن و ناڕاستەوخۆ بە ئینتەرنێت بەستراونەتەوە و کەمتر پێویستیان بەبوونی ئینتەرنێت هەیە و دووبارە بوونەوەشیان ئاساییە چونکە ڕاستەوخۆ بە ئینتەرنێت نەبەستراونەتەوە.

• **ئای پییە تایبەتەکان** (Private IPs):


ئای پییە تایبەتەکان لە سێ بلۆك پێکهاتوون کە ئەمانەی خوارەوەن:

- لە (10.0.0.0) تا (10.255.255.255) واتا (10.0.0.0/8) کە ئەمانە لە کۆمەڵەی (A)ن واتا (Class A) کە دواتر باس لە کۆمەڵەکانی (A, B, C, D, E) دەکەین لە باسی ئای پییە گشتیەکان.

- لە (172.16.0.0) تا (172.31.255.255) واتا (172.16.0.0/12) ئەمانەش لە کۆمەڵەی (B)ن.

- لە (192.168.0.0) تا (192.168.255.255) واتا (192.168.0.0/16) ئەمانەش لە کۆمەڵەی (C)ن.

ئای پیە تایبەتەکان بۆ ئەو تۆڕانە بەکاردێن کە تۆڕی ناوخۆن (LAN)، ئەو ئای پییانەی کە لەم تۆڕە بەکاردێن لە زۆرێك لە تۆڕی تری ناوخۆ لە شوێنانی تر لە جیهاندا بەکاردێن، دەکرێت دەیان و سەدان جار هەمان ئای پی بەکاربهێنرێت، چونکە ئەم ئای پیانە پێویستە نەچنە دەرەوەی تۆڕەکەی خۆیان، بەڵام پێویستە ئەوەش بزانین کە لە هەمان تۆڕ دوو ئای پی نابێت بەیەك بچن. خۆ ئەگەر پێویست بوو کە ئەو ئای پییە تایبەتانە بۆ دەرەوەی تۆڕی خۆیان بچن و پەیوەندی بە ئینتەرنێت بکەن ئەوا پێویستە ئەو ئای پیانە بگۆڕدرێن بە ئای پی تر، کە ئەمانیش ئای پییە گشتیەکانن (Public Addresses)، ئەویش لە ڕێگەی ئەو ڕاوتەر یاخود فایەرووڵەوە کە تۆڕەکە بە ئینتەرنێت دەبەستێتەوەو ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانەی خزمەتگوزاریەکی تایبەت کە پێی دەوترێت (NAT) واتا (Network Address Translation) بە واتای (وەرگێڕانی ناونیشانی تۆڕ). ئەم خزمەتگوزایە هەڵدەستێت بە گۆڕینی ئای پییە تایبەتەکانی هەر پاکێتێکی داتا کە بیەوێت بچێتە دەرەوەی تۆڕەکە بە ئای پییەکی گشتی و پاشان گۆڕینەوەی بەهەمان ئای پی خۆی لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ناو تۆڕە ناوخۆییەکەی خۆی، بەم شێوەیە هیچێك لەو ئای پییە تایبەتانە ناچنە دەرەوەو پەیوەندی بە ئینتەرنێت ناکەن بەم ئای پییەی خۆیان بەڵکو لە ڕێگەی ئای پییە گشتیەکانەوە دەبێت کە ئەوانیش وەکو باسمان کردن ئای پی تاکانەن و نابێت دووبارە ببنەوە.




وەکو لەم وێنەی سەرەوە دیارە سێ تۆڕی ناوخۆ (LAN) مان هەیە کە هەریەکێکیان ئای پی تایبەتیان پێ دراوە، بەم ئای پییە تایبەتانە ناتوانن بچنە دەرەوەی تۆڕی خۆیان ئەگەر بێتو خزمەتگوزاری (NAT) ئەکتیڤ نەکرێت بۆ ئەم تۆڕە.



# زانكۆكانی كوردستان تا ئێستا خاوەنی وێب سایتێكی پرۆفیشناڵ نین!

هەردەوان نەقشبەندی ـ قوتابی ماستەر

زانكۆكان سەرچاوەی سەرەكی پێگەیاندنی كادیری تایبەتمەندن لەگشت بوارەكاندا، ئایتیش یەكێكە لەو زانستانەی لەزانكۆكاندا كادیری بۆ پێدەگەیەنرێت، بەڵام زانكۆكان نەیانتوانیوە بۆ خزمەتكردن و بەرەوپێشچوونی خۆیان سوود لەتوانای قوتابیان و مامۆستایان وەربگرن. ئەوەی تێبینی دەكرێت ئێستا لەزانكۆكاندا نە وێب سایت و نە نێتۆرك و خزمەتگوزاری تری ئایتی پرۆفیشناڵ نابینرێت، كە دەبوو لەو ڕوانگەیەوە زانكۆكان پێشەنگی حكومەت و هەموو لایەنێك بن. بۆیە ئەگەر چاوێكی خێرا بەناو وێب سایتەكانی زانكۆ حكومییەكان و ئەهلییەكانی ناو هەرێمی كوردستاندا بگێڕیت ئەوە دەزانیت لەوێب سایتێكی ئاسایی كە تەنها وێنەو چەند زانیارییەكی كەمی لەخۆگرتووە هیچی تر بەدی ناكرێت، لەكاتێكدا دەبوایە زانكۆكان سەرچاوەی دروستبوونی وێب سایتەكانی تربوونایە، چونكە لەڕاستیدا نەبوونی وێب سایتێكی پرۆفیشناڵ كارێگەری نێگەتیڤی هەیە لەسەر قوتابیان بەتایبەتی لەبواری دابەشكردنی وانەكان، چونكە ئەگەر سەرنجی وێب سایتی زانكۆكانی دەرەوە بدەین دەبینین هەموو وانەكانی مامۆستاكان لەسەر وێب سایتەكە دانراون، كە ئەمەش لە ڕاستیدا یارمەتییەكی زۆری قوتابیان دەدات، چونكە بەهۆی بوونی ئەم وانانە لەناو وێب سایتی زانكۆ قوتابیان لەسەرەتای دەست پێكردنی وەرزی خوێندنەوە دەزانن چ بابەتێك لەماوەی ئەو ساڵەی خوێندنیاندا وەردەگرن، جگە لەوەش لەڕێگەی وێب سایتی زانكۆوە دەتوانن هەموو مەنهەج و وانەكان داونلۆد بكەن كە ئەمەش هەم ئاسانكارییە بۆ قوتابیان و هەم بۆ مامۆستیانیش. بەڵام بەداخەوە لێرە تەنانەت دروستكردنی وێب سایتەكانی زانكۆكانیش دەدرێتە كۆمپانیاكانی دەرەوە و جگە لەوەش كە هەتا ئێستاش زانكۆكانی هەرێمی كوردستان نێتۆركێك و ئینتەرنێتێكی خێراشیان نییە كە هاوشێوەی ستانداردی نێتۆرك و ئینتەرنێتی جیهانی بێت بەجۆرێك ئێستاش بەكارهێنانی ئینتەرنێت لەزانكۆكاندا وەكو كافی نێتەكانی دەرەوە وایە و ئەو تاقیگای ئینتەرنێت و كۆمپیوتەرانەش كە بۆ كۆلێژەكان دانراون هیچ خزمەتگوزارییەكی تێدا نییە لەكاتێكدا سێرڤەری زانكۆ دەبوایە خاوەنی باشترین كتێبخانەی ئەلكترۆنی بوایە و خزمەتگوزاری ئینتەرنێت لەزانكۆ لەسەرو هەموو شوێنەكانی ترەوە بوایە. چونكە ئەگەر چاوێك بە مێژووی ئینتەرنێتدا بخشێنینەوە، یەكەم دامەزراوە كە خۆیان بە تۆڕەوە بەستەوە زانكۆكان بوون، كەچی لەگەڵ ئەوەشدا لەهەندێك لە كۆلێژەكان بەشی ئایتییش هەیە وەكو بەشێكی زانستی بەڵام خەم ساردییەك هەیە و تەنانەت تا ئێستا بیریان لەوە نەكردۆتەوە تۆڕێك و نیتۆركێكی ناوەخۆیی بۆ كۆلێژەكەیان و بەشەكانیان دروست بكەن.

بەبڕوای من ئەو گرفت و كەم و كوریانەی ئاماژەیان پێكرا لەسەرەوە بۆ چەند خاڵێك دەگەڕێتەوە، یەك لەوانە خراپی پرۆگرامی خوێندنی ئەو كۆلێژو بەشانەی كە تایبەتمەندن بەزانستی ئایتی، چونكە لەزۆربەی زانكۆكانی جیهان زۆربەی وێب سایت و پرۆگرام و سۆفت وێرەكان كە لەبەردەستە و لەبازاڕ دەیان بینی زۆربەی زۆریان پرۆژەی ئەو قوتابیانەیە كە زانكۆكان دەردەچن، بۆیە دەبوایە بەهەمان شێوە قوتابیانی زانكۆكانی ئێمەش پرۆژەی هاوشێوەی ئەو پرۆژانەی قوتابیانی زانكۆكانی دەرەوەیان پێشكەش بكردایە بە بەشەكانیان.

خاڵێكی تر نەبوونی ستراتیژیەت و پلانی توكمە و داڕێژراوە لەزانكۆكانی هەرێمی كوردستاندا بۆ برەودان و بەرەوپێش بردن و كەڵك وەرگرتنە لە زانستی ئایتی، چونكە ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە ئەو هەنگاوانەی كە زانكۆكانی هەرێمی كوردستان ناویانە لەڕوی ئایتییەوە ساڵ بە ساڵ لە بری ئەوەی بەرەوپێشەوە بچێ لە یەك ئاستدا وەستاوە و بگرە زۆرجاریش بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە، چونكە لەگەڵ بوونی ئەو ژمارە زۆرەی ئامێری كۆمپیوتەر و كادیری ئایتی هەتا ئێستا كتێبخانەیەكی ئەلیكترۆنی بەدی ناكەین لەهیچ یەكێك لەزانكۆكان، جگە لەوانەش خەم ساردی مامۆستایانی و قوتابیان كە وەكو پێویست گرنگی بەم لایەنە نادەن و وایلێهاتووە خەریكە زانستی ئایتی بەتەواوی پەراوێز دەخەن و دەیكەنە بابەتێكی تیۆری لەبری ئەوەی كە زیاتر گرنگی بە بواری پراكتیكی ئەم زانستە بدرێت.

www.c4kurd.com

# گوگڵ پلەی نایابی پێ بەخشیم




باوكـــی ئایە
s.c4kurd@yahoo.com

سایتی گوگڵ هەروەك خۆتان دەزانن یەكێكە لە سایتە هەرە بەناوبانگەكانی جیهانی گەڕان بەدوای مەبەست دا كە بتەوێت. هەروەها زۆربەی بەكارهێنەرانی ئینتەرنێت ئەم سایتە بەكار دەهێنن بۆ ئاسانكاری دۆزینەوە و گەڕان. زۆر كات كێشەكانمان چارەسەر دەكات بۆ دۆزینەوەی ئەو شتەی دەمانەوێت. هەروەها گۆگل بۆ پەرە پێدانی سیستەمی كار پێكردنی گەڕان و دۆزینەوەی داتا و زانیاری ڕكابەرایەتی زۆربەی سایتەكان دەكات تەنانەت مایكرۆسۆفتیش. زۆربەی كۆمپانیای تایبەتمەند لە بواری دروستكردنی كۆمپیوتەر ئامادەیی هاریكاری كردنی گوگڵیان پێشان داوە لە بواری پەیوەندیكردن و دۆزینەوە، بۆ نمونە هاوكاری دۆزینەوەی پێناسەیەك لە پارچەكانی كۆمپیوتەر كاتێك كەسێك دەیەوێت بیدۆزێتەوە ئەمەش بێگومان لەسایتی گوگڵەوە دەست پێ دەكرێت، هەروەها لەم دواییانە دا سیستەمی كارپێكردنی گەڕانی گوگڵ ڕایگەیاند كە بە شێوەیەكی زۆر خێرا دەتواندرێت گەڕان بكرێت لە زانیاریەكاندا، لە زۆربەی گۆڤارەكانی تایبەت بە كۆمپیوتەر و ئای تی جۆرە شێوەیەك بۆ گەڕان باسكراوە ئەمەش شێوەیەكە كە دەتواندرێت لە ڕێگەی دۆزینەوەی زانیاری دروست و پێویست بەدەست بهێنرێ.

من وەك دەرچوی قوتابی كۆلێژ هەروەك قوتابیانی تر بۆ ئامادەكردنی توێژینەوەی دەرچوونی كۆلێژ (البحث تخرج) بەیارمەتی گوگڵ توانیم لە ڕێگەی ئامادەكردنی توێژینەوەیەكی تایبەت بە بواری خۆم و ئەوەی كە مامۆستای كۆلێژ داوای لێكردم لە ڕێگەی سایتی گوگڵەوە توانیم زیاتر لە (٥٠ تا ٦٠) ڕاپۆرتی ئامادەكراو كە توانیم سودێكی زۆری لێ وەرگرم بەدەستم كەوت و زۆربەی مامۆستاكان سودیان وەرگرت جگە لە سەرسام بونیان بەم كارە بۆیە توانیم پلەی نایاب بەدەست بهێنم، ئامانجم لە پێشكەشكردنی ئەم ڕاپۆرتە بۆ سود وەرگرتنی قوتابیانە كە لە ڕێگەی سایتی گوگڵەوە زانیاری بەدەست بهێنرێ نەوەك هەر بۆ ئامادەكردنی ڕاپۆرت بۆ نمونە بۆ بەدەستهێنانی چەندین كتێب و بابەتی بەسود بەپێی بوارەكان.

## چۆنیەتی گەڕان لە سایتەكەدا


بۆ بەدەستهێنانی زۆربەی بابەتەكان بۆ نمونە من لە بواری خۆم كە ژمێریاریە توانیم ئەم ڕێگایە بگرمەبەر هەر لە بۆشایی گەڕان داو بۆ دۆزینەوەی ناونیشانی هەر بابەتێك كە بتەوێت بە شێوەی ئامادەكراو یان بتوانی بەئاسانی گۆڕانكاری لێ بكەی .. دوای ئەوەی سایتی گوگڵ دەكەیتەوە www.google.com




بۆ نمونە (المحاسبه القومیه.doc)

واتای (doc) ئەمە كورتكراوەی فایلی پرۆگرامی وۆردە كە شێوەی فایلەكان ڕاستەخۆ دادەبەزێت بەشێوەیەك كە بتوانی بەئاسانی دەستی لێبدەیت.

سەرەتا هەر وشەیەكت نووسی ڕاستەوخۆ دوای ئەوە یەكجار سپێسی بدەرێ پاشان شێوەی نوسین لە زمانی عەرەبیەوە بكە بە زمانی ئینگلیزی پاشان (.doc) بنووسە. ئەمەش نمونەی خوارەوەیە كە بەكلیك كردن لەسەر هەریەك لە ناونیشانەكان ڕاستەوخۆ دادەبەزێت.




یاخود دەتوانی شێوازی (PDF) هەڵبژێری واتە (ناونیشانی بابەت . pdf) واتە دابەزاندنی فایل بەشێوەی پی دی ئێف.




# دروستکردنی لۆگۆ بە بەرنامەی
# The Logo Creator

ئا:هیمداد حمد خۆشناو
himdadmail@yahoo.com

زۆرن ئەوکەسانەی کە بەدوای لۆگۆیەکی جوان و پوختدا دەگەڕێن، لەگەڵ ئەوەشدا بەرنامەی تایبەت بە دروستکردنی لۆگۆ زۆرە. لێرەدا باسی دروستکردنی لۆگۆ بە بەرنامەی The Logo Creator v5.2 دەکەین، ئەم بەرنامەیە بە یەکێك لە هەرە بەرنامە بەهێزەکانی بواری دروستکردنی لۆگۆ دادەنرێت.

دوای ئەوەی بەرنامەکەت سێت ئەپکردن و کردتەوە لەلای دەستە چەپ جۆری لۆگۆیەکە هەڵدەبژێرین





پاشان بۆکسێکمان بۆ دەبێتەوە و لۆگۆیەك هەڵدەبژێرین :





ئێمە ئەو لۆگۆیەمان هەڵبژاردوەو هەوڵ دەدەین دەستکاری بکەین بۆ ئەوەی لەگەڵ کارەکەی ئێمە بگونجێت.

پاشان لەلای سەرەوە دەچینە سەر Text بۆ دانانی نووسین لەشوێنی نووسینەکانی لۆگۆیەکە، یاخود گۆڕینی ئەو نوسینەی کە هەمانە بۆ ئەم مەبەستەش کلیك لەسەر ئەو نووسینە دەکەین کەدەمانەوێ بیگۆڕن دەبینین لە بۆکسەکەی سەرەوە نووسینەکە دەردەکەوێ ئینجا ڕەشی دەکەینەوەو ئەو نووسینەی کە خۆمان دەمانەوێت لەشوێنی دەنووسین. بۆ نووسینی کوردی بەبەرنامەی boshra writer ئەنجام دەدەین کەلە گۆڤاری c4kurd ژمارە 33 باسیم کردووە ئینجا ئەو نووسینەی کەلەبەرنامەی ناوبراو نوسیومانە لە بۆکسەکە کۆپی دەکەین و کلیك لەسەر edit current text دەکەین و دەبینین نووسینەکە بە تێکەڵی دێت و بۆ هەڵبژاردنی ئەو فۆنتەی کە نووسینەکەمان پێ ئەنجام داوە لەلای دەستەچەپ دەچینە سەر Format :







پاشان done دادەگرین، و بۆ هەڵبژاردنی رەنگ دەچینە سەر color و بۆ هەڵبژاردنی کاریگەری دەچینە سەر more text effects... هەروەها بۆ رەشکردنەوەی نووسینی سەر لۆگۆ کلیك لەسەر نووسینەکە دەکەین و لەسەر کیبۆرد delete داگرە.

پاشان بۆ هێنانی وێنە بۆ سەر لۆگۆیەکە لەلای سەرەوە دەچینە سەر images ئینجا جۆری وێنەکە هەڵدەبژێرین:





وێنەکە رادەکێشینە سەر لۆگۆیەکە:




بۆ قەبارەو روونی وێنەکە لەلای دەستە چەپ کلیك لەسەر attributes بکە:




لە کۆتاییدا بۆ ئەوەی وێنەکە سیێڤ بکەین ئەوا لەلای سەرەوەی دەستە چەپ کلیك لەسەر export دەکەین وجۆری فایلەکە دەستنیشان دەکەین:




بەم شێوەیە لە کۆتایدا لۆگۆیەکی تایبەتی بە خۆمان دروست دەکەین:




تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری ( Logo ) هەیە.

www.c4kurd.com



# مەبەست لە دیواری ئاگری (Windows Firewall) چییە؟


ئەندازیار کەمال فاتح - زانکۆی کۆیە
cs.eng.it@gmail.com

Firewall: دیـواری ئاگری پێکهاتەیەکە لە هاردوێرو سـۆفـتـوێـر کـە ئـاسـایـش (Security) و دڵنیایی (Certainty) بۆ سیستەمی کۆمپیوتەرەکەت دابین دەکات، بۆ ڕێگە گرتن لـە چونە ژورەوەی هـەرمـەترسـی یەکی مۆڵەت پێنەدراو بۆ ناو سیستەمەکە، Firewall ڕێگری دەکات لە پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان تۆڕی پەیوەندی Network و کۆمپیوتەرەکانی تر بە کرداری Routing Communication بـەهـۆی Proxy Server ێکەوە لـەدەرەوەی تۆڕەکە. Proxy Server کە دەست نیشانی ئەوە دەکات کەئایا ئەو فایلەی لەهەوڵدایە دزە بکاتە ناو تۆڕی سیستەمەکە واتە کۆمپیوتەرەکە ئایا مەترسیدارە Unsecured یان مەترسیدارنیە Firewall،Secure پێشی دەوترێت Security-Edge Gateway.

ئـەو دیـواری ئاگری یـەی کە لەپێشتر پێناسەمان کرد کۆمپیوتەرەکەت لەدڵنیایی یەکی زیاتردا دەپارێزێ،زانیاری سـتـانـدەردەکـات کـە لـەکـۆمـپـیـوتـەرێـکـەوە دێـن بۆ کۆمپیوتەرەکەت، کۆنترۆڵێکی زیاتر پێ ئـەدات بەسەر داتکانی ناو کۆمپیوتەرەکەت وەهروەها هێڵێکی بەرگری دادەنێ لەبەرامبەر ئەو خەڵک و پرۆگرامانەی (کە ڤایرۆس یان کرم) یان تیا بەدی دەکرێ کەهەوڵئەدەن پەیوەندیت پێوە بکەن بێ ئەوەی تۆ میوانداریت بکەن ئەوان لەدەرگای زانـیـاری یەکانت دەدەن و زۆر بەپەرۆشن بۆ فەرمووی بەرێزت.

دەتوانی وادانێی کە دیـواری ئـاگری پەرژینێکە یان دیوارێکە چێکی زانیاری یەکانت دەکاتەوە(هەندێ جار پێی دەوترێت Traffic) ئەو زانیاری یانەی کەلەئینتەرنێتەوە یان لەتۆرێکەوە دێن پاشان یان مۆڵەتیان پێئەدات بێنەناو کۆمپیوتەرەکەتەوە (گەر بێ مەترسی بوو) یان بەرپەرچیان دەداتـەوە بـەگـوێـرەی لێتێگەیشتنی دیـواری ئاگرینی کۆمپیوتەرەکەت وەك ئەو وێنەیەی سەرەوە.

لەمایکرۆسۆفت ویندۆزXP ی سێرڤس پاك2 (SP2) دا، دیـواری ئـاگـریـنی ویـنـدۆزەکـەت لـەبـاری ئاساییدا لەکارکردندایە Turn On، (هەرچەندە هەندێ لەکارگەکانی




کۆمپیوتەر و بەرێوەبەرانی نێتۆرکەکان لەباری ئاساییدا لەکارکردندانین Turn Off)، تۆی بەکارهێنەری کۆمپیوتەر زۆریـش ناچارنیت دیـواری ئاگری ویـندۆز بەکاربهێنی، بەپێچەوانەوە دەتوانی هەر دیواری ئاگرینێکی تر Install یان Run بکەیت. دیواری ئاگرینەکانی تر لەبەرچاوبگرەو لەتواناو بەدەمەوەهاتنیان بزانەو ئەنجا بریاری دروست بدە کام دیـواری ئاگرینە باشترینەو لەگەڵ پێداویستی یەکانی تۆ یەك دەگرێتەوە(ئەم برگەیە زیاتر بۆ کەسانی شـارەزایـە تـاوەکـو بتوانن ئـەو هەڵسەنگاندنە بکەن)، و ئەگەر دیواری ئاگرینێکی تر Other Firewall ت هەڵبژارد تکایە دیواری ئاگرینی کۆمپیوتەرەکەت Windows Fir-wall بکوژێنەوە.

### دیواری ئاگری چۆن کاردەکات؟

کاتێك یەکێك لـەسـەر ئینتەرنێت یان تۆرێکی پەیوەندی کەتۆشی تێدای هەوڵئەدا پەیوەندیت پێوە بکات بەم هەوڵە دەوترێت داواکاری نەویستراو Unsolicited Request، کاتێك کۆمپیوتەرەکەت هەوڵێکی ئاوەهای بۆ درا،دیواری ئاگرینی ویندۆزەکەت ئەم پەیوەندی یە بلۆك دەکات. ئەگەر بەرنامەیەك بخەیتەکار وەکو بەرنامەی نامەناردن یان یاری کردن لەرێگەی تۆری ئینتەرنێتەوە کەلەم کاتەدا بۆ ئەوەی کارەکانت بەرێوە بروات کۆمپیوتەرەکەت پیویستی بەوەرگرتنی زانیاری هەیە لەرێگەی تۆری ئینتەرنێتەکەوە



www.c4kurd.com

یان لەڕێگەی هەرتۆڕێکی تـرەوە کە تۆ پەیوەندیت پێوە هەیە ئەوا دیواری ئاگرین لەم کاتەدا پرست پێدەکات ئایا تۆ ڕێگە بەم پەیوەندی یە دەدەیت یان نا و دەتەوێ بلۆکی کەیت،ئەگەر تۆ پەیوەندیەکە بلۆک نەکەیت ئـەوا دیواری ئاگری جۆرەڕێزانینێك لای خۆی دروست دەكات(كەخۆشت دەتوانی شتی بۆ زیادبكەیت) كە بەزمانی كۆمپیوتەر پێی دەوترێت Exception پاش ئەمە ئیتر دیواری ئاگری چیتر بێزارت ناكات كاتێك پێویستت بەوەرگرتنی زانیاری هەبوو لەئینتەرنێتەوە.

بۆ نـموونـە كاتێك تـۆ وا نـامـە دەگۆڕیتــەوە لەگەڵ بەرامبەرەكەتدا و ئەویش ئەیەوێت رەسمێكت بۆبنێرێ دیواری ئاگری یەكسەر ئاگادارت دەكاتەوە لەوەی ئەم پەیوەندی یە بلۆك بكات یان كۆمپیوتەرەكەت رەسمەكە وەربگرێ،یان بۆنموونە گەرلەسەر تۆری پێكەوەبەستن یاری دەكەیت لەگەڵ هاورێكانت ئـەوا دەتـوانـی یاریـەكـە زیاد بكـەیت بۆ لیستـی -Exce tion بەم جۆرە Start پـاشان Control Panel پاشان Windows Firewall پاشان Exceptions پاشان لە Add Program دا نـاوی ئـەو بـەرنـامـەیە یـان ئەوە یاری یە Game هەڵبژێرەكـــە ئیتر كێشەت بۆ دروست نابێ.

پێویستە ئـەوەش بڵێین كە ئـاسـایـی یـەو ئەتوانی دیواری ئاگری لەكار بخەیت بۆ مەرامێكی تایبەتی خۆت لەسەر تۆری ئینتەرنێت، بەڵا م لەم كاتەدا ڕێژەی مەترسی بۆسەر كۆمپیوتەرەكەت زیاد دەكات كە ئەوەش بەس خۆت لێی بەرپرسیاری و هەڵەی كەسی تر نی یە.

**دیواری ئاگری ئەم كارانە دەكات ...**

1- كۆمپیوتەرەكەت بلۆك دەكـات لەهاتنە ناوەوەی ڤایرۆس و كرمەكان.

2- داوای مـۆڵـەتـت لـێدەكـات بـۆ ڕێـگـەدان یان ڕێگەنەدانی داواكاری یەك لەپەیوەندیەكی دڵنیا Certain Connection .

3- ریكۆردێك دروسـت دەكـات Security Log : ئەگەر ریكۆردێكت دەوێ كەوا تۆماری هەوڵە سەركەوتوو و ناسەركەوتووەكانت بۆ بكات، ئەمە شتێكی بەسودە بۆ گێڕانەوەی كاتی زیاتر لە داهاتوودا،بەمجۆرە دەتوانی Security Log دروست بكەیت :

Windows Firewall بـكـەرەوەو لـەسـەر تابی Advanced كلیك بكەو لە ژێر فرەیمی Security Logging كلیك بكە و یەكێك لەم دوو ئۆپشنە هەڵبژێرە:

1-3 بۆ وەگەڕخستنی تۆماری هەوڵە سەرنەكەوتووەكان ئۆپشنی Log dropped packets نیشانەی ڕاست لە چوارگۆشەكەی تەنیشتی بدە.

2-3 بۆ وەگەڕخستنی تۆماری هەوڵە سەركەوتووەكان ئۆپشنی Log successful connections نیشانەی ڕاست لە چوارگۆشەكەی تەنیشتی بدە.

**دیواری ئاگری ئەم كارانە ناكات ...**

1- دیاری كردن و لەكارخستنی ڤایرۆس و كرمەكان: ئەگەر واهەن لەناو سیستەمی كۆمپیوتەرەكەتدا،ئەوا پێویستە ئـەنـی ڤایرۆسێكی بـاش و ئـەپـدەیت كـراو دابـەزێنیت بۆ ڕێـگـری كـردن لە ڤـایـرۆس و كرمی زیاتر یان لە تێكدانی كـۆمـپـیـوتـەرەكـەت بــەهــۆی ئــەو ڤایرۆسانەی ئێستا لەكۆمپیوتەرەكەتدان و بڵاو نەبونەوەیان بۆ كۆمپیوتەری خەڵكانی تر.





2- وەستاندنی

تۆ لەكردنەوەی ئیمەیڵێك كە فایلێكی هاوپێچی ترسناكی لەگەڵدایە: ئیمەیڵێك مەكەرەوە كە نێرەرەكەی ناناسی با نێرەرەكەش بناسی و باوەرپێكراوبێت هەمیشە زیاترو زیاتر ئاگادارو هۆشیاربە لەمامەڵە كردن لەگەڵ ئیمەیڵەكاندا، ئەگەرئەوكەسەی نامەی بۆ ناردووی ئەشیناسی بەوریایی یـەوە سـەیری هێلی بابەتەكەSubjectبـكە ئـەگـەر ناوی بابەتەكە بێمانا بوو یان هیچ گرنگیەكی نەبوو بەلاتەوە باشتر وایە پەیوەندی بە نێرەرەكەوە بكەیت پێش ئەوەی بیكەیتەوە .

3- بلۆككردنی ئیمەیڵ گومانلێكراو و نەویستراوەكان: لە Inbox ی نامەكانتدا سەیر بكە هەندێ نامە هەیە لە كۆمپانیای گـەورە گـەورەوە بۆت هاتوون تۆش خۆت دەناسی كە پەیوەندیت نییە لەگەڵ ئەم كۆمپانیا گەورانە و جێی پرسیارە لەلات كەبۆچی و لەبەرامبەرچی ئەم نامەیەت بۆ هاتووە بێ دوودڵی ئەونامەیە یان بیسرەوە یان Spam بكە .

www.c4kurd.com


# بەرنامەیەك بۆ پاراستنی فلاش میمۆرییەکەت لەهەموو جۆرەکانی ڤایرۆسێك




بەرنامەی (USB Disk security) بەرنامەکی زۆر قەبارە بچوکە و بەڵام لەگرتن و چارەسەرکردنی ڤایرۆسەکانی ناو فلاش میمۆری توانایەکی زۆر بەهێزی هەیە، لەتوانایدایە زۆربەی ڤایرۆسە زیان بەخشەکان چارەسەر بکات و دیلیتیان بکات، ئەوەی کە زۆر جێگەی سەرنجە لەم بەرنامە بچوکەدا ئەوەیە هیچ گرفتێك دروست ناکات لەکاتی ئینستۆڵ کردنی هەرچەند ئەگەر کۆمپیوتەرەکەشت ئەنتی ڤایرۆسی لەسەربێت، چونکە یەك لە گرفتە گەورەکانی ئەوەیە کە بەکارهێنەر ناتوانێت دوو ئەنتی ڤایرۆس ئینستۆڵ بکات لەسەر یەك کۆمپیوتەر لەهەمان کاتدا، بەڵام وەك ئاماژەم پێدا ئەم بەرنامەیە هیچ گرفتێك و نەگونجانێك دروست ناکات لەگەڵ ئەنتی ڤایرۆسی سەر کۆمپیوتەرەکەت.

سەرەتا کاتێك بەرنامەکە دەکەیتەوە دەبینی دوو فایلی لەناوە، یەکێکیان فایلی ئینستۆڵ کردنی بەرنامەکەیە و ئەوی تریشیان سریاڵ نەمبەری ئەکتیڤ کردنی بەرنامەکەیە، دوو کلیك لەسەر فایلی ئینستۆڵ بکە لەناو فۆڵدەرەکە بۆ ئەوەی ئینستۆڵ ببێت لەناو کۆمپیوتەرەکە، هەنگاوەکانی ئینستۆڵ کردنەکە زۆر ئاسانە و باوەڕ ناکەم پێویستی بە ڕونکردنەوە و وێنە هەبێت چەند هەنگاوێکی یەك لەدوای یەکە و هەمووی (next) دەکەیت، پاش ئینستۆڵ کردنی بەرنامەکە، دەبێت بەهۆی فایلی دووەمەوە ئەکتیڤی بکەیت، ئەکتیڤ کردنەکەش زۆر ئاسانە و پێویست بە شیکردنەوە ناکات، ئەگەر هەر گرفتێکیشتان هاتە پێش دەتوانن بپرسن.


پاش ئینستۆڵ کردنی بەرنامەکە و ئەکتیڤ کردنی کلیك لەسەر بەشی ئینفۆرمەیش بکە تاوەکو دڵنیاببیت لە ئەکتیڤ کردنی بەرنامەکە، چونکە هەر کاتێك بەرنامەکت ئەکتیڤ کرد دەبێت بە تەواوی دایبخەیت و پاشان بیکەیتەوە وەك ئەم وێنەیە




بۆ دڵنیابوون لە ئەکتیڤ کردنیش دەبێت لە بەشی ئینفۆرمەیشن وشەی ڕیجیستەر و بای دیار نەمابێت وەك لە وێنەکەدا ڕونکراوەتەوە:




بۆ سکانکردنی فلاش میمۆری بەرنامەکە خۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دانانی فلاش میمۆری سکانی دەکات و لەبوونی هەر ڤایرۆسێك ئاگادارت دەکاتەوە و لە خوارەوە بە کلیك کردن لەسەر (Delete All) هەموو ڤایرۆسەکان دیلیت




دەبن. بەڵام دەبێت دوای سڕینەوە و لابردنی ڤایرۆسەکان فلاش میمۆرییەکە لێبکەیتەوە و پاشان دایبنێتەوە. ئەوکات ڕزگارت دەبێت لە هەموو ئەو ڤایرۆسانەی لە نێو فلاشەکەتدا بوە.

تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری ( USB ) هەیە.



# بەرنامەی VCD Cutter

dedar_dx@yahoo.com دیدار سلیمان عبدالعزیز




بەرنامەی VCD Cutter یەکێکە لەوبەرنامە سەرەکیانەی کە بۆ برینی ڤیدیۆ و گۆرانی بەکاردێت و هەروەها لەهەمان کاتیشدا بەکاردێت بۆ لێکدانی دووپارچە ڤیدیۆ و یان دووپارچە گۆرانی

ئەوەی گرنگی ئەم بەرنامەیە دەردەخات ئەوەیە کە ئەو دوو کارە بکەیت لە ماوەیەکی کەم و بە شێوەیەکی ئاسان. جیاکەرەوەی ئەم بەرنامەش ئەو دوو هۆکارەی سەرەوەیە.


زۆرجار ڤیدیۆیەك یان گۆرانیەکمان هەیە دەمانەوێت بەشێکیمان ناوێت و دەمانەوێت هەندێك شوێنی رەش بکەینەوە یان هەندێکی بۆ زیاد بکەین ئەوا بەهۆی ئەم بەرنامەوە ئەم کارە دەتوانی ئەنجام بدەیت بەشێوەیەکی ئاسان و خێرا.

هەنگاوی یەکەم: بۆ بڕینی ڤیدیۆ یان گۆرانی دەنگ

بۆ هێنانی ڤیدیۆ یان گۆرانیەکە ئەمکارەی خوارەوە دەکەین:

File > Open Movies > Select > Open

دوای ئەوەی ئەو فایلەی مەبەستمانە دەستنیشانمان کرد و کلیك لەسەر Open دەکەین،




لەسەر کیبۆرد یەکجار F5 دادەگرین تا ئەو شوێنەی دەمانەوێت دیاری دەکەین.





پاشان F6 و F7 دادەگرین و دواین جار دوگمەی F8 دابگرە بۆ سەیڤکردن. بەم شێوەیە ئەوەی دیاری دەکەین سەیڤ دەبێت و ئەوەی دیاری نەکرایە رەش دەبێتەوە

هەنگاوی دوهەم : بۆ لێکدانی دوو ڤیدیۆ یان دوو گۆرانی

سەرەتا دوای هێنانی ڤیدیۆی یەکەم ئەوا لەسەر کیبۆرد F5 دادەگرین دوای F6 دوای F7 دادەگرین.

پاشان ڤیدیۆی دووەمیش دەهێنین ئەوا لەسەر کیبۆرد F5 دادەگرین دوای F6 دوای F7 دوای F8 دادەگرین بۆ





سەیڤکردن. بەم شێوەیە یەك دەگرن و دەبێتە یەك ڤیدیۆ یان یەك گۆرانی دەنگی.

بەم شێوەشە توانیمان بە دەستنان بە بە چەند دوگمەیەکی کیبۆردەکەمان کارێکی زۆر گەورە بکەین و فایلێکی دەنگ و رەنگ یاخود بەس تەنها دەنگ ئەوەی بمانەوێت لێی ببڕین و یان ئەگەر ویستمان دەمجیان بکەین بەیەکەوە.

ئەم کارە لە ماڵەوە دەکرێت بێ ئەوەی چیدی پێویستمان بە چونە لای شوێنێکی تایبەت بێت بۆ چاککردنی ڤیدیۆکانمان.

*تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری ( VCD ) هەیە.*

www.c4kurd.com



# چۆنیەتی سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای RSS

ئا: محەممەد مێرگەیی
mergeyi@c4kurd.com

لە چەندین سایتدا بە تایبەتی سایتە ناودار و گەورەکان بەزۆری لە ژێرەوە یان لەلایەکی سایتەکەدا دەستەواژەی RSS و ئایکۆنەکەی کە بەزۆری ڕەنگێکی پرتەقاڵی هەیە دەبینین، ئایا تەکنەلۆژیا و خزمەتگوزاریی RSS چییە و سوودی چییە؟ چۆن و بە چ شێوەیەك دەتوانین سوودی لێوەربگرین و بەکاریبهێنین؟

تەکنەلۆژیای RSS سوودێکی زۆری هەیە بە تایبەت بۆ ئەوانەی دەیانەوێت بە بەردەوامی هەواڵ و زانیارییەکانی سایتە گرنگەکان بەسەربکەنەوە، سوودی زۆری RSS لەوەدایە کە کەسی بەکارهێنەر پێویستی بەوە نابێت بچێت هەموو ئەو سایتانە بکاتەوە، بەمەش کات و ماندووبوونی زۆری بۆ دەگەڕێتەوە.

لە سەرەتادا زاراوەی RSS بە مانای Rich Site Summary واتە (پوختکردنەوەیەکی چڕی سایتەکان) بەکارهاتووە، بەڵام دەستەواژەی زۆر بەکارهاتوو لە کاتی ئێستادا بریتییە لە Really Simple Syndication،

کەواتە تەکنەلۆژیای RSS بریتییە لە ڕێگەیەك بۆ پوختەکردنەوەی هەواڵ و زانیارییە پەخشکراوەکانی نێو سایتە جۆراوجۆرەکان ( ئەوانەی بەکارهێنەر خۆی دەستنیشانیان دەکات) و گواستنەوەیان بۆ بەکارهێنەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەردەوام تازەبووەوە، بێئەوەی بەکارهێنەر پێویستی بەوە هەبێت سەردانی ئەو سایت و (مدونە-بڵۆگ) انە بکات.

تەکنەلۆژیای RSS پشت بە خستنەڕووی ناونیشانە سەرەکییەکانی هەواڵ و زانیارییەکان دەبەستێت بەشێوەیەکی ئاسان، بەبێ وێنە و نەخشەسازیی ئاڵۆز، ئەم خستنەڕووەش بەدوایەکدا دەبێت کە یوزەر بە ئاسانی بەدواداچوون و خوێندنەوە بۆ ژمارەیەکی زۆری ناونیشانەکان لە سایتی جۆراوجۆردا بکات، لەکاتی دەسنیشانکردنی هەر بابەتێکیش لەلایەن یوزەرەوە ئەوا یەکسەر کلیکی لەسەر دەکات و زانیاری زیاتر لەسەر هەواڵەکە یان بابەتەکە بەدەست دەهێنێت یانیش دەتوانێت بە کلیك کردن لەسەر ناونیشانی بابەتەکە ڕاستەوخۆ بچێتە ناو سەرچاوەی یەکەمی هەواڵ و بابەتەکە لە سایتەکەی خۆیدا.

دەتوانین هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی تەکنەلۆژیای RSS لەم چەند خاڵە کۆبکەینەوە:

-توانای پوختکردنەوەی بابەت و وتارەکانی ژمارەیەکی زۆری سایتەکان لە یەك کاتدا و سەیرکردنیان بەشێوەی بەدوای یەکدا و لە یەك شوێندا.

-هەر تازەبوونەوەیەکی هەواڵ و بابەتەکان یاخود هەر ئیزافەکردنێکی نوێ لە سایتەکاندا بە ڕاستەوخۆیی لەلای یوزەر پیشاندەدرێت، بەبێئەوەی یوزەر پێویستی بەوە هەبێت جارێکی تر سەردانی سایتەکە بکات.

-ئاسانکاریی گەڕان لەڕێی مانشێت و ناونیشانی بابەت و وتارەکان.

-پیشاندانی دەقی بابەتەکان و پاشکۆکانی لە وێنە و فیلم و تۆماری دەنگی و .. بۆ هەر بابەتێك.

ئەم تەکنەلۆژیایە چۆن کاردەکات؟


شێوە و ڕێگەی کارکردنی ئەم تەکنەلۆژیایە بریتییە لە هەستانی سایتەکانی هەواڵ و مدونە و سایتە زانیارییەکانی تر بە دابینکردنی داتا و هەواڵ و تێکستەکان بە تەکنەلۆژیای RSS یان Atom ئەمەش بەهۆی زمانێکی پرۆگرامسازیی جیاواز لە زمانی HTML کە تایبەتە بە سایتەکانی ئینتەرنێت، لەم دوو تەکنەلۆژیایەدا زمانێکی تری پرۆگرامسازیی ناسراو بە XML بەکاردەهێنرێت و کاری بریتییە لە بەستنی تێکستەکانی زانیارییەکان و پوختکردنەوەیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یوزەریش ناتوانێت ئەم زانیارییانە بخوێنێتەوە بەبێ هەبوونی بەرنامەی تایبەت کە پێیان دەگوترێت (بەرنامەکانی Newsreaders ) یاخود لەڕێگەی سایتەکانی تایبەت بەم خزمەتگوزارییەی خستنەڕووی ئەم زانیارییانە. ئەم بەرنامە و سایتانە بە هاوشێوەی پۆستی ئەلیکترۆنی لەجیاتی خستەڕووی تەواوی بابەتەکانی نامەکان، ناونیشان و مانشێتی بابەتەکان لە سایتە جۆراوجۆرەکانەوە وەردەگرێت کە یوزەر خۆی دەستنیشانی کردوون و لەکاتی کلیك کردن لەسەر هەر ناونیشانێك لەو ناونیشانانە بابەتەکە بەتەواوی پیشاندەدرێت لەگەڵ ئەوەی کە لەخۆی گرتووە لە وێنە و فیلم،

www.c4kurd.com

لەم دۆخەشدا بە کلیك کردن لەسەر ناونیشانی بابەتەکە، ئەوا یوزەر دەتوانێت یەکسەر بچێتە ناو سەرچاوە سەرەکییەکەی بابەتەکە.


## چۆنیەتی بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لە RSS

سەرەتا یوزەر پێویستی بەوە دەبێت بچێت ئەو سایتە بکاتەوە کە ئەم تەکنەلۆژیای تێدایە، ئەمەش ئاسانە هەر سایتێك ئەم تەکنەلۆژیایەی هەبێت لە لاپەڕەی سەرەکییدا (لەسەرەوە بێت یان لەژێرەوەدا) بە نووسین و دانانی نیشانەکەی RSS یان بە ئایکۆنە ڕەنگ پرتەقاڵییەکە، ئاماژە بە هەبوونی تەکنەلۆژیاکە دەدات، بۆ نموونە: لە سایتێکی وەك www.un.org/arabic/news بەم شێوەیەی وێنەی خوارەوە دەبێت:





-هەنگاوی یەکەم: ئەو ڕێگەیەی من لێرەدا بە نموونە باسی لێوەدەکەم بریتییە لە بەکارهێنانی www.reader.google.com واتا بۆ ئەوانەی خاوەنی ئەکاوەنتێکن لە سایتی گۆگڵدا وەك ئیمێڵی gmail.


دوای کردنەوەی ناونیشانی www.reader.google.com و چوونەژوورەوە بە هۆی ئەکاونتەکەتەوە (لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بدەم کە بێجگە لە ئیمەیڵی gmail دەتوانیت بە ئیمەیڵەکانی تری وەك یاهو و هۆتمەیل . بچیتە ژوورەوە، بەمەرجێك ئەم ئیمەیلانەت لە یەکێك لە خزمەتگوزارییەکانی گۆگڵ بەکارهێنابێت، بۆ نموونە لە دروستکردنی بلۆگێکدا) بۆ نموونە من لێرەدا بۆ چوونەژوورەوە ئیمەیڵی هۆتمەیلم بەکارهێناوە، بەڵام باشتر وایە تۆ ئیمەیڵی گۆگڵت هەبێت چونکە بە بۆنی ئیمەیڵی گۆگڵ دەتوانیت بە شێوەیەکی ئاسان لە زۆربەی خزمەتگوزارییەکانی گۆگڵ بەشدار ببیت و دروستکردنی ئیمەیڵیش لە گووگڵ کارێکی ئاسانەو دەتوانیت بە شێوەیەکی سادە ئەنجامی بدەیت. ئەگەر سەیری ئەوێنەکەی ئەوبەر بکەیت ئەوا بۆت دەردەکەوێت من ئیمەیڵی هۆتمەیڵم بەکار هێناوە:





ئێستا دوای چوونەژوورەوە، دەبینە خاوەنی ئەکاوەنتێکی Reader و هەموو جارێك هەر بەمشێوەیە دەبێت، وەك وێنەی خوارەوە دەبێت:





-هەنگاوی دووەم بریتییە لە ئیزافەکردنی ئەو سایت و بلۆگانەی تەکنەلۆژیای RSS هەیە، ئەمەش لە خانەی Add a subscription دەبێت کە دەکەوێتە لای چەپی سەرەوە و نیشانەی + لەپێش نووسینەکە دانراوە، وەك وێنەی خوارەوە:



دوای کلیک کردن لاپەڕەیەکی نوێ دەکرێتەوە، لە سەرەوەی لاپەڕەکەدا و لە خانەی Address تەواوی ناونیشانەکە کۆپی دەکەین، وەک لەم وێنەیە دیارە:




ئێستا دوای کۆپی کردنی ناونیشانەکە دەچینەوە شوێنی خۆمان واتە بۆ لاپەڕەی Reader کە سەرەتا بەهۆی ئەکاونتەکەمانەوە کردمانەوە و لەوێدا وەک ئاماژەمان پێدا کلیك لەسەر خانەی Add a subscription دەکەین و ناونیشانەکەی کە کۆپیمان کردبوو لەوێدا پێستی دەکەین و کلیك لەسەر Add دەکەین، وەک وێنەی خوارەوە:




دوای ئەمە دەبینین یەکسەر ناونیشانی سایتەکە لە خوارەوەدا دەردەکەوێت و ناونیشانی هەواڵەکانیش لەلای ڕاستدا ڕیز دەبن کە دەتوانین بەشێوەی لیست یان کراوە بیانبینین، بەمشێوەیە هەر سایتێکی تر دەتوانین بە هەمان هەنگاوەکانی ئەم ڕێگەیە زیاد بکەین، وەک یەکەم وێنەی ئەو بەر:


هەروەها دەتوانین لە بەشی Settings چەندین گۆڕانکاریی ئەنجام بدەین، بۆ نموونە سڕینەوەی ئەو سایتانەی نامانەوێت یاخود گۆڕینی ناوەکانیان، چەندین گۆڕانکاریی تر کە یوزەر



خۆی پێیان ئاشنا دەبێت. وەک ئەم وێنەیە:



لە کۆتاییدا جگە لە بەکارهێنانی سایتەکانی ئینتەرنێت کە تایبەتن بە Reader، چەندین بەرنامەش هەن بۆ ئەم مەبەستە دروستکراون، یەکێك لەوانە بەرنامەی Snarfer کە لەناو سیدی گۆڤار دانراوە، ئەگەر بتەوێت بۆ سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای RSS بەرنامە بەکاربهێنین ئەوا تەنها پێویستت بەوە هەیە بەرنامەکە سێتئەپ بکەیت و پێویستت بە بەکارهێنانی ئەکاونت و ئیمەیڵ نابێت، ڕووکاری بەرنامەی Snarfer بەم شێوەیەی خوارەوەیە:




# چارەسەرکردنی کێشەی پیشاندانی نوسینی کوردی و عەرەبی لە ویندۆزدا




م. رەسول بایز- دواناوەندی (چرۆ) ی نموونەیی- کۆیە rosee_land@yahoo.com

زۆرن ئەو گرفتانەی کە ڕووبەڕومان دەبنەوە و هەریەکە و چارەسەرێکی جیاوازی هەیە بە پێی گرفتەکە، بۆنموونە من باسی گرفتی قاموس یا دیکشنەری(وەرگێر) دەکەم کە کاتێك هەندێك قاموس دوای جێگیرکردن Setup (لە کۆمپیوتەرەکەمان و پاشان کردنەوەی دەبینین ویندۆی قاموسەکە نیشانەی پرسی (إستفهام)ی لەگەڵدایە وەك لە وێنەی یەکەم دەرکەوتووە





هەروەها لەکاتی وەرگێرانی وشەیەك بۆ زمانێکی تر ئەبینین لە ماناکەی تێ ناگەین، جا بۆ چارەسەرکردنی فەرموون لەگەڵم بن لە ویندۆز (XP & Vista & 7):

سەرەتا لە ویندۆز ڤیستا یان ویندۆز حەوت (Win7) کلیك چەپ لەسەر Start دواتر All program وە دواتر Control panel دواتر دەبل کلیك لە سەر Region-al and Language دەکەین دەبینین دایەلۆك بۆکسێکمان دێتە بەرچاو کە لەژێر تایتڵەکەیەوە چوار هەڵبژاردەمان دێتە بەردەم و ئێمە چوارەمیان واتە (Administrative) بە کلیك





چەپ هەڵدەبژێرین وەك لەوێنەی دووەم دەرکەوتووە:

دواتر لەلای دەستی ڕاست کلیك چەپ لەسەر Change system local دەکەین کە ئەمیش هەر لە وێنەی دووەم دەردەکەوێ دواتر دایەلۆگ بۆکسێکی ترمان دەداتێ و کلیك لەسەر continue دەکەین و دواتر دایەلۆگ بۆکسێکی تر دەبینین و داوامان لێ دەکات کە زمانێك دیاری بکەین و ئینجا کلیك لەسەر Ok دەکەین وەك لەوێنەی سێیەم دەرکەوتووە:




کە من (عربی-عیراق)م هەڵبژاردووە و وە ئینجا کلیك لەسەر Restart Now دەکەین و دواتر دەبینین گرفتەکەمان چارەسەر بووە... بەڵام لە ویندۆزی (Xp) دوای ئەوەی دەبڵ کلیکمان لە Regional and Language کرد دەبینین دایەلۆگ بۆکسێکمان ئەداتێ کەلەژێر تایتڵەکەیەوە سێ هەڵبژاردەی هەیە و ئێمە سێهەمیان هەڵدەبژێرین کە نوسراوە (Advanced) دواتر هەرلەهان دایەلۆگ بۆکس زمانێکی عەرەبی هەڵدەبژێرین وەك لەوێنەی چوارەم دەرکەوتووە:




کە من زمانی (سعودی-عربی)م هەڵبژاردووە وە دواتر ok کرتە ئەکەین دواتر کلیك لە Restart Now دەکەین و پاشان دەبینین گرفتەکەمان نامێنێ.

# کۆمپانیای MSI کۆمپیوتەرێکی یەکپارچەی شاشە لەمس بەرهەم دەهێنێت




کۆمپانیای MSI بۆ دروستکردنی ئامێری کۆمپیوتەر، ڕایگەیاند کە ئامێرێکی نوێی کۆمپیوتەری دروستکردووە بە ناوی Wind Top AE2220 و بە شاشەیەکی لەمس کاردەکات و سەرجەم پێکهاتە سەرەکییەکانی ئامێرەکەش دەکەونە دیوی پشتەوەی شاشەکەوە. کۆمپیانیاکە دەڵێت ئەم ئامێرە نوێیە لە شاشەیەك پێکدێت کە ڕووبەرەکەی 55 سانتیمەترە و دەتوانرێت گشت کارەکانی کۆمپیوتەرەکە بە تایبەتمەندیی لەمس لەسەر ڕووی شاشەکەوە ئەنجام بدرێن، هەروەها کۆمپیانیاکە سیستەمی وەرگرتنی تۆڕە ناوەخۆییە بێتەلەکان WLAN و هاردێکی 640 گیگابایت و یەکەیەکی ئیشپێکردنی DVD و کامیرایەکی تایبەت بە ئینتەرنێت کە 3.1 میگاپیکسڵە بۆ ئەم ئامێرە نوێیەی داناوە.

# مایکرۆسۆفت داوای لێبوردن دەکات



دوای ئەوەی وێنەیەکی کابرایەکی دەموچاو سپی و دەست ڕەش لە سایتی فەرمی مایکرۆسۆفت بڵاوکرایەوە، بویە هەڵایەك کە بە شێوەیەکی زۆر خێرا لە هەموو سایتەکانی تر ئەو وێنەیە بینرا.

لەسەر ئەوەی کە ئەو پیاوە پێست ڕەش بووەو سەری پیاوێکی پێست سپیان لە جیاتی سەری ئەو داناوەو بەڵام بیریان چوە دەستی بگۆڕن و هەر بە ڕەشی ماوەتەوە.

کۆمپانیای مایکرۆسۆفت زۆر داوای لێبوردنی کرد لەسەر ئەوەی کە نەیزانیوە کێ وای لەو وێنەیە کردووە هیچ مەبەستێکی جیاوازیکردن لە نێوان ڕەش پێست و سپی پێستی تێدا نیە و بە پەلە وێنەکەی لابردووە بەدوای ئەو کەسەدا دەگەڕێت کە وای لەو وێنەیە کردوە.

هەتا ئێستاش نەزانراوە مەبەست لەو کارە چیە و ئایا ئەو وێنەیە هەڵە دانراوە یاخود نەء؟!

# بڕوانامەی فەخری بۆ داهێنەری کامیرای دیجیتەڵی




ستیڤن ساسۆن ئەو پیاوەی یەکەم کامیرای دیجیتەڵی داهێنا، لەلایەن زانکۆی ڕۆشستەر لە بەرامبەر کارەکەیدا بڕوانامەی فەخری پێبەخشرا. لە ساڵی 1975 ستیڤن ساسۆن لەو کاتەی کە وەك ئەندازیاری ئەلکترۆنی لە کۆمپانیای کۆداك کاری دەکرد یەکەم نموونەی کامیرای بە دیقەی 0.01 میگاپیکسڵ پێشکەش کرد و ساڵی 1978 ئیمتیازی داهێنانی لەم کارەیدا پێبەخشرا.

هەر لە مانگی تشرینی دووەمدا ساسۆن خەڵاتی داهێنانی لە گۆڤاری ئیکۆمۆنست لەسەر هەمان کاردا پێبەخشرا، ستیڤن ساسۆن بۆ ماوەی 35 ساڵ کاری کردووە بۆ کۆمپانیای کۆداك و لە مانگی شوباتی ئەمساڵیشدا خانەنشین بووە.



# لاپتۆپی Adamo XPS تەنکترین لاپتۆپ لە جیهاندا

کۆمپیانیای دێڵ Dell بە فەرمیی دروستکردنی ئامێرێکی کۆمپیتەری لاپتۆپی بەناوی Adamo XPS ڕایگەیاند کە پێیوایە تەنکترین ئامێری کۆمپیوتەری لاپتۆپە لە جیهاندا، یەکەم ئاشکراکردنی مواسەفاتەکانی ئەم لاپتۆپە دەگەڕێتەوە بۆ مانگی ئەیلولی ڕابردوو، کاتێك کۆمپانیاکە ڕایگەیاند کە کێشی لاپتۆپەکە 1.44 کگم ئەمەش وای کردووە تەنکترین و سووکترینی ئەو ئامێرانە بێت کە شاشەکەیان 1.4 ئینجە.

هەروەها لەبارەی سیستەمە نوێیەکەی دەڵێت بریتییە لە معالجێکی ئینتەڵی دوانەیی Intel 1.4 GHz Core 2 Duo و ڕامی GB DDR 34 و هاردێکی فلاشی هەیە بە قەبارەی 128 گیگابایت لەجیاتی هاردی تەقلیدی ئەمەش بۆ کەمکردنەوەی کێشەکەی بۆ کەمترین ئاست، هەروەك سیستەمی ئیشپێکردنی Windows 7 ی 64 بتی بۆ دادەنرێت.

لاپتۆپەکە تەکنەلۆژیای بێتەلی 802.11n و پاتریەك کە توانای گۆڕین و کارکردنی بۆ ماوەی 5 کاتژمێر زیاتری هەیە. وتەبێژێك بەناوی کۆمپیانیای دێڵ ڕایگەیاند کە لاپتۆپی Adamo XPS بەر لە جەژنی سەری ساڵ بەردەست دەکرێت، بەڵام ئەو ئا مادەنەبوو کاتێکی تەواو دیاریکراو و نرخی لاپتۆپەکە ئاشکرابکات.



# ماوسێکی تازە ١٨ دوگمەی پێوەیە



کۆمپانیای OpenOffice بەهاوکاری

کارگەی Warmouse هەستاوە بە دروستکردنی ماوسێك کە ١٨ دوگمە لە خۆ دەگرێت و هەر دوگمەیەکی ئاسانکاریە بۆ بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر. لەوەش گرنگتر ئەم ماوسە توانای سەیڤکردنی ٥١٢ کیلۆ بایتی هەیە کە لە کاتی بەکارهێنانیدا دەتوانی سودی لێ ببینی. جگە لەوەی دەتوانی هەر دوگمەیەك بۆ بەرنامەیەك بەکار ببیەت کاتێك دەست بەو دوگمەدا دەنێیت ئەو بەرنامەیە بکرێتەوە.

وا چاوەروان دەکرێت ئەو ماوسە لە کۆتایی ئەم ساڵدا بکەوێتە بازارەوەو بە نرخی ٧٥ دۆلار بفرۆشرێت.

# ئەو وشانەی لە ساڵی ٢٠٠٩ زۆرترین گەڕانی بۆ کراوە




سایتی گوگڵ هەموو ساڵێك ناوی ئەو وشانە ئاشکرا دەکات کە لەو ساڵەدا لە جیهاندا زۆرترین گەڕانی بۆ کراوە. ئەمەش ڕەنگدانەوەی گرنگترین ڕوداو دەردەخات لە جیهاندا. بۆ ئەم کارە گوگڵ بەشێکی هەیە بە ناوی Google zeitgeist کە تایبەتە بەم کارەو لەم لینکەدا دەکرێتەوە www.google.com/zeitgeist2009.


بۆ ئەم ساڵیش ئاشکرای کرد کە ناوی Michael Jackson زۆرترین گەڕانی بۆ کراوەو بە پلەی یەکەم دێت و دوای ئەو سایتی فەیس بوکە کە تایبەتە بە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان.




# زنجیرەی فێربونی مایکرۆسۆفت ئێکسڵ ۲۰۰۷

مامۆستا کاروان ڕەشید محمد Karwan.Computer@yahoo.com
- زنجیرەی یەکەم -


ئەم بەرنامە یەکێکە لە بەرهەمەکانی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت کە کۆمپانیایەکی بەناوبانگی لە بواری بەرنامەدا, ئەم بەرنامە کۆمەڵێك فێرشنی هەیە کە هەریەکەیان کۆمەڵێك گۆڕانکاری و پێشکەوتنی باشی تیادا کراوە, لێرەدا باس لە مایکرۆسۆفت ئێکسڵ 2007 دەکەین کە جیاوازییەکی زۆری هەیە لەروی پێکهاتنی بەرنامەکە لەچاو ئۆفیسەکانی پێشو تر گۆڕانگارییەکی زۆری بەسەردا هاتووە و پێشکەوتنێکی گەورەی پێوە دیارە. بەرنامەی ئێکسڵ یەکێکە لەو بەرنامە زۆر گرنگانەی کە لە بواری ژمێریاری و ئامار و کرداری زۆر گرنگدا بەکار دێت, لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زانستی نوێ سەردەم پێویستە سەرجەم کارەکانی ڕۆژانەمان لە فەوتان بپارێزین و لە ڕێگەی بەرنامەیەکی وەك ئێکسڵەوە کە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە زانیاریەکانمان داخلَی کۆمپیوتەر بکەین,دوا دابەزاندنی مایکرۆسۆفت ئۆفیسی 2007 بۆ کۆمپیوتەرەکەمان لە ڕێگەی Start > All Programs > Microsoft office > Microsoft Office Excel 2007 بەرنامەکەمان دەکەینەوە وەك وێنەی (1):





پاش ئەوەی کلیك لەسەر بەرنامەکە دەکەین ڕاستەوخۆ ڕوکاری بەرنامەکە دەکرێتەوە, ئەم بەرنامە لەچاو بەرنامەکانی تر زیاتر بەوە جیادەکرێتەوە کە ڕوکاری ئەم بەرنامەیە هەمووی خانە خانەیە وەك وێنەی (2)





شریتی ناونیشان (Title Bar) یەکێکە لەو شریتانەی کە دەکەوێتە بەشی سەرەوەی بەرنامەکەو ناوی بەرنامەکەو چەند فرمانێکی لەسەرە:





هەروەها شریتی لیستەکان (Menu Bar) ئەم شریتە دەکەوێتە خوار شریتی ناونیشان و لەچەند مینویەك پێکهاتوە کە هەر مینویەك چەند فرمانێکی جیاوازی تیادایە کە هەریەکەیان وێنەیەکی تایبەتی خۆشی هەیە لەکاتی دیاریکردنی شریتەکەدا هەموو فرمانەکان دەردەکەون:




لەم بەرنامەدا ژمارەیەکی زۆر Sheet هەیە کە ژمارەیان 255 دانەیە وە هەرشیتێك پێکهاتووە لە ژمارەیەکی زۆر ڕیز و ستون. شێوەی بەرنامەکە هەمووی خانە خانەیە وە هەر خانەیەك ناوێکی تایبەتی خۆی هەیە ئەویش لەڕێگەی ستونەکان (Column) کە بە ( A) دەست پێ دەکات و بە (IV) کۆتایی دێت:








ڕیزەکان (Row) ە بە ژمارە (1) دەست پێ دەکات و بە (65536) کۆتایی دێت:


وەك وتمان هەرخانەیەك لە ڕێگەی ناوی ستون و ڕیزەکانەوە دەی ناسینەوە, بۆ نمونە ئەگەر خانەیەك لەستونی (T) وە ڕیزی (5) دابێت ئەو خانەیە پێی دەوترێ (T5) هەموو خانەکانی تر بەوجۆرە دیاری

www.c4kurd.com

دەكرێت و ناتوانرێت بوترێت (T5) ئەوە هەڵەیە لە پێشەوە ناوی ستون پاشان ناوی ڕیز, وە یان لەبەشی سەرەوەی ستونەكان ئەو خانەیەمان پێ دەڵێت كە دیاریمان كردووە. وەك وێنەی (3):





بەرنامەی ئێكسڵ لەگەڵ ئەوەدا كە هەمووی خانە خانەیە بەڵام ئەو هێڵانەی كە خانەكانی پێ دیاری كراوە هەمووە هێڵەكان هێڵی خەیاڵین ئـەم هێڵانە لـەكاتی چاپكردندا دەرناكەوێت بۆیە دەبێت ئەو خانانەی كە كاریان تیادا دەكەین پێویستە هێڵەكانیان بكەین بە هێڵی ڕاستەقینە ئەوش بەچەند ڕێگەیەك دەكرێت. بۆ نمونە ئەمانەوێت خشتەی ڕۆژەكانی هەفتە دروست بكەین سەرەتا ئەو خانانەی كە پێویستە بیكەین بە خشتە ئەبێت دیاری بكەین (Select)ی بكەین پاشان لە لیستی Home دەچینە سەر Format لەوێ Format





Cells هەڵدەبژێرین و دەچینە سەر بەشی Border وەك وێنەی (4).

وە دەتوانین پاش دیاریكردنی خانەكان كلیكی ڕاست بكەین و پاشان بچینە سەر Format Cells پاشان بۆكسێكمان بۆ دەكرێتەوە بۆ دیاری كردنی هێڵەكان وەك وێنەی (5)





بۆ دیاریكردنی هێڵەكانی دەرەوە كلیك لەسەر Outline وەكەین وە بۆ دیاریكردنی هێڵەكانی نـاوەوە كلیك لەسەر Inside دەكەین, وە ئەگەر ویستمان هەموو هێڵەكان لابەرین كلیك لەسەر None دەكەین. وە دەتوانین لە بەشی Style ادا دەتوانین شێوەی هێڵەكان بگۆڕین وە لەبەشی Color دەتوانین ڕەنگی هێڵەكان بگۆڕین, ئێمە شێوەیەكی جوان هەڵدەبژێرین و هێڵەكانی دەرەوە و نـاوەوە دیاری دەكەین پاشان كلیك لەسەر OK دەكەین وەك وێنەی (6):





یەكێك لە كارە گرنگەكان ئەوەیە ئەو كارەی كە دەیكەین پێویستە زەخیرە (Save)ی بكەین بۆ ئەوەی ئەو كارانەی

دەیکەین لەناو کۆمپیوتەرەکەماندا هەڵی بگرین ئەویش لە تەنیشت دووگمە Office وە Save هەیە یان ڕێگەی دووگمەی Office وە پاشان کلیك لەسەر Save دەکەین




پاشان بۆکسێکمان بۆ دەکرێتە لە Save in دا ئەو شوێنە دیاری دەکەین کە دەمانەوێت فایلەکەمانی تیادا Save بکەین بۆ نمونە My Document هەڵدەبژێرین و پاشان لە File Name دا ناوێك بۆ فایلەکەمان دادەنێین وەك Karwan و

پاشان کلیك لەسەر Save دەکەین وەك وێنەی (8) پاشان لەناو خشتەکەدا ڕۆژەکانی هەفتە و وانەکان دەنوسین




و دەتوانین لە ڕێگەی (Font) ە وە جۆری نوسینەکانمان بگۆڕین و لە Font Size دا قەبارەی نوسینەکەمان بگۆڕین و ڕەنگەکانی بگۆڕین وەك وێنەی (9)



| شەممە | 1 شەممە | 2 شەممە | 3 شەممە | 4 شەممە | 5 شەممە |
|---|---|---|---|---|---|
| ئنگلیزی | کوردی | کیمیا | بیرکاری | أحیا | ئینگلیزی |
| فیزیا | بیرکاری | کوردی | فیزیا | ئینگلیزی | عرەبی |
| کیمیا | ماف | فیزیا | کیمیا | وەرزش | کیمیا |
| أحیا | ئاین | بیرکاری | عرەبی | عرەبی | بیرکاری |
| بیرکاری | ئینگلیزی | هونەر | ئینگلیزی | بیرکاری | أحیا |
| عرەبی | أحیا | کۆمپیوتەر | کوردی | فیزیا | کوردی |

9

## ئاگاداری بۆ ئەوانەی بەشداری پێشبرکێی ساڵیادی گۆڤاری سی فۆر کوردیان کردوە

خۆمان بە خۆشحاڵ دەزانین پێتان را بگەیەنین کە لە ژمارەی داهاتوو و سەری ساڵی تازە 2010 ئەنجامی پێشرکێی ساڵیادی گۆڤاری سی فۆر کورد ئاشکرا دەکەین و ناوی براوەکان بڵاودەکەینەوە

www.c4kurd.com




# بەرنامەی (Tajweed)

ئا: محەممەد عەبدولرحمان

بەرنامەی (Tajweed) بەرنامەیەکی فێرکارییە لەبارەی حوکم و یاساکانی تەجویدی قورئانی پیرۆز بە ڕیوایەتی (حفص)، ئەم بەرنامەیە بەکارهێنەرەکەی لە حوکمە جۆراوجۆرەکانی تەجوید شارەزادەکات ئەمەش لە میانی چەند بەشێکی ئاسانکراو و هێنانەوەی چەندین نموونەی ئایەتەکان بە دەنگی قورئانخوێنە ناودارەکان، هەروەها بەرنامەکە چەندین مەشق و ڕاهێنان لەخۆی دەگرێت لەڕێگەی تۆمارکردنی دەنگی بەکارهێنەر خۆی و دووبارە گوێبیستبوونیان، بەڵام هەروەک خاوەنی بەرنامەکەش ئاماژەی پێداوە، ئەم بەرنامەیە وەک یارمەتیدەرێکە بۆ کەسی بەکارهێنەر لەسەر زانستی تەجوید و مەشقکردن لەسەر حوکمەکانی تەجوید و مانای ئەوە نییە کەسەکە ئیتر پێویستی بە کەسانی شارەزا نەبێت لەو بوارە فراوان و گرنگەدا. گرنگی بەرنامەکە لەوەدایە کە توانیویەتی بەشێوەکی ئاسان و سەرنجڕاکێش بەکارهێنەر بە زانستی تەجوید ئاشنا بکات و چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر و باوەڕپێکراوی ئەم بوارەی بەکارهێناوە و لە بەشی (المراجع) ئاماژەی بە سەرجەم سەرچاوەکان داوە.

بەش و پێکهاتە سەرەکییەکانی بەرنامەکە بریتین لە:

-پێرستی بابەتەکان و بەشە لاوەکییەکان

-ویندۆی سەرەکی کە بابەتە زانستییەکە لەخۆی دەگرێت


-جێگەی نموونە پەیوەندیدارەکان بە بابەتی زانستی نمایشکراو


-بۆردی کۆنترۆڵکردنی ئاستی دەنگی سەماعە و مایکرۆفۆنەکە

قەبارەی بەرنامەکە 11.4 MB و سێتئەپکردنی ئاسانە و تەنها چەند هەنگاوێکە، دوای دەبڵ کلیك لەسەر ئایکۆنی سێتئەپی بەرنامەکە لەناو فۆڵدەرەکەیدا، تەنها کلیك لەسەر وشەکانی (Run – التالي - تركيب – إنهاء) بکە بەمشێوەیە لە کۆتاییدا ڕووکاری بەرنامەکە دەکرێتەوە.

هەندێك وێنەی سێتئەپکردنی بەرنامەکە:




تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری ( Tajweed ) هەیە.

www.c4kurd.com



# پاراستنی زانیاری لە مایكرۆسۆفت ئەكسسدا


محەممەد ئەبوبەكر تۆفیق mohamad11@gmail.com

پاراستنی زانیاریەكان یەكێكە لەو زانستانەی كە زۆر گرنگی پێ دەدرێت، چونكە پاراستنی ئەو زانیاریانە گرنگی زۆری هەیە بۆ بەكارهێنەر و لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا ئەم بابەتە زۆر گرنگی پێ دەدرێت تەنانەت وەك وانەیەكی سەرەكی دەخوێنرێت لە زانكۆكانی جیهاندا و بە زانكۆكانی كوردستانیشەوە. ئەوەی مەبەستە لێرەدا باسی بكەین پاراستنی زانیاریەكانە لە داتا بەیسكی بەرنامەی ئەكسس. هەروەها پاراستنی زانیاریەكان لەبەرنامەی ئەكسس زۆر جیاوازە لەگەڵ بەرنامەكانی تری ئۆفیسدا.

یەكێك لە جیاوازیەكی پاراستنی زانیاری لە ئەكسسدا ئەویە كە دەتوانیت بۆ چەند بەكارهێنەرێك دروستی بكەیت و دیاریكردنی ئەو توانایەی كە بەكارهێنەر پێویستیەتی لە بەڕێوەبردنی داتابەیسەكەدا. بۆ نموونە دەتوانیت بەكارهێنەرەكە تەنها سەیری زانیاریەكان بكات یاخود دەتوانیت وا لە بەرنامەكەت بكەیت بەكارهێنەر بتوانێت بسڕیتەوە یان زیاد بكات. ئەمانە هەمووی دەتوانیت كۆنترۆڵ بكەیت ئەویش بەم شێوەی خوارەوەیە:


كلیك لە سەر Tools دەكەیت پاشان كلیك بكە لەسەر Security پاشان لیستێك دەردەكەوێت وەك لە وێنەكەدا دەركەوتوە

لێرەدا دەتوانیت




زانیاریەكان بپارێزیت

1.ڕێگای یەكەم ئاسانترین ڕێگایە كە بەهۆیەوە ووشەی





نهێنی بۆ داتابەیسەكەت دروست بكەیت كە ئەم جۆرەیان پێشتر لە گۆڤاری سی فۆر كورد باس كراوە ئەم ڕێگایە بۆ داتا بەیسی ئاسان یان بۆ كۆمپانیا بچووكەكان بەكار دەهێنرێت.

2.ئەم ڕێگایە بەكاردەهێنرێت ئەویش بە دروستكردنی ناوی بەكارهێنەر و وشەی نهێنی كە ئەمەش لە بەشی دووەمی بۆكسەكەی سەرەوە دەتوانیت دروستی بكەیت

3.ڕێگای سێیەم (تەشفیر) كردنە، زۆرجار بەتایبەتی ئەوانەی كە ناسراون بە چەتەی ئینتەرنێت دەتوانن داتا بەیسەكە بكەنەوە یان بەبەرنامەیەكی تر بكەینەوە لێرەدا ئەگەر زانیاریەكان زۆر گرنگ بوو ئەوا پێوستە(تەشفیر) بەكار بهێنرێت.


لێرەدا باس لە ڕێگای دووەم دەكەین User-Level Security Wizard بەم شێوەیەی خوارەوە ئەنجام دەدرێت

بۆنموونە داتا بەیسك بەناوی db9 هەیە كلیك دەكەین لەسەر Tools پاشان كلیك دەكەین Security دواتر كلیك دەكەین لەسەر User-Level Security Wizard بۆكسێك نیشان دەدات





www.c4kurd.com

پاشان کلیك دەکەین لە Next دەکەین بۆکسیکی تر دەردەکەوێت





لێرەدا دەتوانیت ئەو Security کە دای دەنێیت بۆ داتا بەیسەکە تەنها بۆ ئەو داتا بەیسە بێت کە کاری تێدا دەکەیت یان بۆ هەموو داتا بەیسەك کە لەناو کۆمپیوتەرەکەدا واتە ئەگەر کلیك کرد لەسەر
I want to create a shortcut to open my Security –enhanced data base لێرەدا تەنها Security بۆ ئەو داتا بەیسەك دادەنێت کە کاری تێدا دەکەیت و ئەگەر کلیك کرد لەخاڵی یەکەم ئەوا بۆ داتا بەیسەکانی تری ناو کۆمپیوتەرەکەت دا دەنێت. لێرەدا باشتر وایە کلیك لە دووەم بکە پاشان کلیك لە next بکە بۆکسێکی تر نیشان دەدات





لێرەدا هەموو ئەو خشتەو پرسگەو فۆرمەکە لەناو داتا بەیسەکەدا نیشان دەدات. لێرەدا دەتوانیت هەموو خشتەو بەشەکانی داتا بەیسەکە دابنێیت یان بەشێکی واتا کلیك دەکەیت لە خشتەکە یان فۆرمەکە پاشان کلیك دەکەیت


لەسەر next بۆکسیکی تر نیشان دەدات




لێرە دەتوانیت بەکارهێنەر تەنها بیخوێنێتەوە یان بیسڕیتەوە یان زیادی بکات ئەمانە هەمووی دەتوانیت دیاری بکەیت پاش ئەوەی کە مەبەستەکەت دیاری کرد کلیك دەکەیت لەسەر next بۆکسێکی تر نیشان دەدات




ئەمەش لە دوو بەشی سەرەکی پێك هاتووە کلیك لەبەشی دووەم دەکەین no the
User group should not have any permissions
مەبەستی ئەوە تاچەند ئەتوانیت ئەو کۆمەڵە بەکارهێنەرە دەتوانن سوود لەداتا وەرگرێت یان بە پێچەوانەوە کلیك لە خاڵی دووەم دەکەین پاشان next بۆکسیکی تر دەردەکەوێت




www.c4kurd.com


وەك لە وێنەكەی پێشوو دەردەكەوێت.



لەوێدا دەتوانیت كۆمەڵێك بەكارهێنەری تر دروست بكەیت ئەویش بە كلیك كردن لەسەر

Add this User to the list لەگەڵ پێدانی ووشەی نهێنی


كلیك لەسەر next بكە و بۆكسێكی تر نیشان دەدات كلیك بكە لە بەشی یەكەم وەك لە وێنەكەدا نیشان دراوە پاشان كلیك دەكەین لەسەر Finish دەكەین دواتر راپۆرتێكت




نیشان دەدات لەسەر Security بۆ داتا بەیسەكە دواتر لەسەری كلیك دەكەیت لەسەر داتا بەیسەكەت ئەگەر پاسۆردت داتا دەنوسین و ئەگەر دانابوو ئەوا كلیك دەكەیت لەسەر ok دواتر داتا بەیسەكەت دەكرێتەوە بەو شێوەی كە دروست كردووە




# بەرنامەی FoxitReader بۆ زیادكردن دەستكاریی كردنی فایلی PDF




زۆربەی كتێبە گرنگ و بەڵگەنامە ئەلیكترۆنییەكان بەشێوەی فۆرماتی PDF سەیڤكراون، وەك ئاشكرایە ئەم فۆرماتەش بە بەرنامەیەكی تایبەتی وەكو Acrobat Reader دەخوێنرێتەوە، بەڵام ئەم كتێب و بەڵگەنامانەی بەم شێوەیەن ناتوانرێت هیچ دەستكاریی و تێبینییەكیان لەسەر زیاد بكرێت یان نیشانە و ئاماژەیان (ئەگەر پێویست بوو) لەسەر دابنرێت. ئەم بەرنامەیە رێگە بە بەكارهێنەر دەدات بتوانێت تێبینی و ئاماژە لە شوێنی پێویستی كتێب و بەڵگەنامەكان ئەنجامبدات، لەگەڵ توانای پڕكردنەوەی ئەو فۆرمانەی كە زۆربەی لایەن و دەزگاكان بەشێوەی فۆرماتی PDF بڵاوی دەكەنەوە.

هەروەها دەتوانیت وێنە زیاد بكەیت بۆ لاپەڕەكان و نوسینی لەسەر بنوسیت. ئەم كارە زیاتر بۆ پڕكردنەوەی سی ڤی بەكاردێت و سودمەندە.

تێبینی: پرۆگرامەكە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری ( Fox ) هەیە.


www.c4kurd.com



# خێراترکردنی کرداری کوژاندنەوەی کۆمپیوتەر لە سیستەمی (ویندۆز)دا

م.بەختیار سلیمان عبدالعزیز – ئامادەیی هەولێری زانستی acct.tch25br@yahoo.com


زۆرجار لە سیستەمی ئیشپێکردنی ویندۆز دا توشە کێشەی درەنگ کوژانەوەی ئامێرەکەمان(کۆمپیوتەر)دەبین کە دەبینین پێویستی بە ماوەیەکی زۆر هەیە بۆ ڕاگرتنی لە کارکردن (Turn Off) و کوژانەوەی ، بۆ ئەمەش سیستەمەکە لە توانای دا هەیە کە بتوانین هەڵسین بە چارەسەرکردنی کێشەکە و خێراتر کوژانەوەی کۆمپیوتەرەکە، بۆ ئەمەش پەنا دەبەینە بەر ڕجیستری واتە کردارەکە لە ڕێگای ڕیجیستریەوە ئەنجام دەدەین بەم هەنگاوانەی خوارەوە:





کلیک لە دوگمەی Start دەکەین و فرمانی Run... هەڵدەبژێرین و تیایدا دەنووسین regedit ویندۆی ڕجیستری دەبێتەوە و جووت کلیک لەسەر (HKEY_LOCAL_MACHINE)دەکەین و پاشان جووت کلیک لەسەر (SYSTEM) و ئینجا جووت کلیک لەسەر (CurrentControlSet) و لەوێشەوە کلیک دەکەین لەسەر (Control):





له بەشی لای ڕاستی (Control)ەوە، جووت کلیک لەسەر (WaitToKillServiceTimeout) دەکەین و نرخەکەی لە (٢٠٠٠٠) بۆ (١٠٠٠٠) و (OK).




کۆمپیوتەرەکەت (Restart) بکە بۆ بینینی ئەنجامەکەی، لەکاتی کوژاندنەوەی کۆمپیوتەرەکەدا.




تێبینی:: لە هەندێک ڤێرژنی ویندۆز دا دەبینین نرخی تر هەیە بۆ نموونە نرخەکە (٢٠٠٠)ە، دەیکەین بە (١٠٠٠) . و بە هەمان شێوە تا کۆتایی.





# نرخە هەڵە لە هاوکێشەکانی بەرنامەی Excel

کاریز حسین عبدلە ـ کۆلێژی پەروەردەی زانستی کۆمپیوتەر ـ دهۆك Hi_lonelyheart@hotmail.com

هەر یەک لە ئێمە لەکاتی بەکارهێنانی بەرنامەی excel و نوسینی چەند هاوکێشەیەک تیایدا، لەوانەیە رووبەرووی چەندین جۆرە هەڵە ببینەوە کە پێیان دەڵێن Error Value واتە نرخە هەڵە، هەر بەنیشاندانی # ئەم نیشانەیە لەسەرەتای نرخێک لە خانە تایبەتیەکانی بەرنامەی Excel دا مانای بوونی هەڵەیە لە نووسینی هاوکێشەکەی ناوخانەکەدا وە بەرنامەی Excel ناتوانێت ئەنجامەکە بە درووستی بگەرێنێتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم نرخە هەڵانە پێویستیمان بە زانینی هۆی تایبەتی روودانیان دەبێت ، جۆرەکانی نرخە هەڵە و هۆی روودانیان ...

#DIV روودەدات کاتێک هاوکێشەیەک هەوڵی دابەشبوونی نرخێک یان خانەیەک (Cell) بەسەر 0 یان خانەیەکی بەتاڵ (Empty Cell)دەدات

#NULL! لەکاتی نوسینی هاوکێشەی یەکتربر لە نێوان دوو خانە بەڵام لە کاتێکدا یەکتربرین لە نێوان دوو ژمارەکەی ناو خانەکان روونەدات دەبێتە هۆی نیشاندانی ئەم جۆرە هەڵە.

#REF! چۆنیەتی روودانی ئەو جۆرە نرخە هەڵەیە ئەو هاوکێشانە دەگرێتەوە کە پەیوەندن بە خانەی ناراست

#VALUE! : یەکێکە لەجۆرە بەڵگە یان پەیامێک کە نیشاندەدرێت بۆ ئەو جۆرە هاوکێشانەی کە نووسینی هەڵەی تیادا دەکرێت .




#NAME? روودەدات کاتێک لە هاوکێشەیەک ناوێک بەکارهاتووە بەڵام بەرنامەی excel ناتوانێت بیدۆزێتەوە یاخود سراوەتەوە .

#NUM! روودەدات بۆ نمونە هاوکێشەیەک ئاماژە بۆ خانەیەک دەکات کە دەبێت ژمارەیەکی موجەبی تیابێت لەهەمان کات لەوانەیە ژمارەی ناو خانەکە سالب بێت.

#N/A بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ ئاماژە بۆ ئەو خانانە دەکات کە هاوکێشەی (NA)ی تیادا بەکارهاتووە لەکاتێک کە زانیاری چاڵاک نیە ، وە هەروەها لە هاوکێشەکانی VLOOKUP و HLOOKUP ئەم جۆرە نرخە هەڵەیە روودەدات.

# بەرنامەیەك بۆ ئاگادارکردنەوەت لە دزرانی لاپتۆپەکەت





بەرنامەی LaptopAlarm قەبارەکەی لە ١ میگابایت کەمترە و پاڵپشتی لە سیستەمی ڤیستاش دەکات، یوزەر دەتوانێت بەهۆی ئەم بەرنامەوە لاپتۆپەکەی خۆی بکات بە ئامێرێکی ئینزار و ئاگادارکردنەوە، بەشێوەیەك ئامێرەکە دەنگێکی بەرز دروست دەکات و یوزەری خاوەنی لاپتۆپەکە ئاگاداردەکاتەوە لەوەی کە یەکێك ئامێرەکەی بردووە و دزیوە، لەو کاتەی ئەو بۆ چەند ساتێك لە چەند شوێنێکی گشتی وەکو کتێبخانەکان یان کافێ و فرۆکەخانەکان بەجێی هێشتووە، دەنگەکە کاتێك دەردەچێت کەوا ئامێری لاپتۆپەکە لەسەر کارەبا لاببرێت یان تیشکی ماوسەکە لە شوێنی خۆی لابچێت.

تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری ( Laptop ) هەیە.

www.c4kurd.com


# ناونیشانی چەند سایتێکی هەمەڕەنگ

سەرچاوەیەکی ئاماریی بۆ سەرجەم وڵاتانی جیهان
www.nationmaster.com




ئەم سایتە بە سەرچاوەیەکی بەسوود دادەنرێت بۆ زانیارییە ئامارییەکان، چونکە زۆرێك زانیاری ئاماریی لەبارەی وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان دابین دەکات.

کاتژمێری ئینتەرنێت: www.timeticker.com





ئەم سایتە کات بەشێوەیەکی جیاواز دەخاتەڕوو کە پشت بە چەند هۆکارێك دەبەستێت، بەکارهێنەر هێڵی کاتەکە لە نەخشەی جیهاندا هەڵدەبژێرێت پاشان زانیاری لەبارەی کات لەو ناوچەیەدا بەدەست دەهێنێت.

ڕێبەری لابردنی پیسی و پەڵە لەسەر جلوبەرگ
www.chemistry.co.nz/stain.htm





ئەم سایتە ڕێبەرێکی تایبەتە بە لابردنی جۆرەها پەڵەی سەر جلوبەرگ، بۆ چوونە ناو ڕێبەرەکە، لەسەر بەکارهێنەر پێویستە کلیك لەسەر دەستەواژەی Stain Guide بکات، بۆ گەیشتن بەو لیستەی کە ناوی زۆربەی پیسکەرەکان لەخۆی دەگرێت .

لیستی کەلوپەلی زیانبەخش و داواکراو بە گەڕاندنەوەیان لە بازاڕەکانی جیهاندا: www.cpsc.gov




ئەم سایتەی پەیوەندیدار بە پاراستنی بەکاربەر (مستهلك)، کۆمەڵێك لیستی ئەو کەلوپەل و شمەکانەی تێدایە کە بەکاربەران ئاگاداردەکاتەوە لە شمەکە زیانبەخشەکان کە بڕیاردراوە بە ڕاکێشانەوەیان لە بازاڕدا. دەتوانرێت بە کلیك کردن لەسەر Recalls بە ناوی ئەو کەلوپەلانە بگەیت، یوزەر دەتوانێت زانیاری لەبارەی هەر کەلوپەلێك بەدەست بهێنێت لە لیستی زانیاری و داتاکانی مانگانە یان گەڕان لەسەر بەرهەمێکی دیاریکراو یاخود کۆمپانیا بەرهەمهێنەکە.

پەیوەندییەکی بینراو لەنێوان وشەکانی زمانی ئینگلیزی
www.visualthesaurus.com




ئەم سایتە بریتییە لە قاموسێکی پێشکەوتووی زمانی ئینگلیزی، بەشێوەیەك کە لەمیانیدا دەتوانرێت مانای وشەکان و هاوماناکانیان بەشێوەیەکی لقدار بەپێی نزیکی لە ماناکەوە بەدەست دەهێنرێت.




# دروستكردنی پەردە بۆ شاشەی كۆمپیوتەرەكەت لە WindowsXp دا

ئاراس ابوبكر ـ ژاراوە
aras_pshdary@yahoo.com

بێگومان ئێمە رۆژانە كۆمپیوتەربەكاردێنین تاماوەیەكی زۆرلەكاتێكیشدانازانین چ زەرەرێكی هەیە بۆ چاوەكانمان بۆیە لەویندۆزی ئێكس پی

ئەم هەنگاوانە دەگرینە بە ر پێش ئەوەی تەوەرە بخەینە سەربابەتەكە یەحریفی شاشەت كربێ سەرەتا


سەرەتا دەچینە نێو كۆنترۆڵ پانەڵ لە Start و لەوێ Control Panel دواتركە دەبڵ كلیكمان لەم بەرنامەیە دەكەین ( Adobe Gama ) پاشان ئەم لیستەمان دێتە بەردەم وەك لەوێنە (1):





لەم خانەیەدا كەنووسراوە(Wizard) Step By Step سەحی لێ ئەدەین پاشان Next دەكەین وەك وێنەی (2)




لێرەدا دەستكاری هیچ ناكە ین و Next دەكەین و ئەم روكارەی ترمان بۆ دەكرێتەوە:




لێرەش تەنها كلیك لەسەر Next دەكەین و دەمان بابەتە نێو پەنجەرەیەكی تر كە هەنگاوێكی تری كارەكەمانە وەكو لەو وێنەیەدا دیارە:





لێرەش هیچ دەستكاریەك مەكەو Next بكەو دەتباتە نێو روكارێكە تر كە لەویشدا دەستكاری هیچ شتێك ناكەیت وەكو لەو وێنەیەی ئەو بەردا روون بوەتەوە:




کلیك لەسەر Next بکەو ئەم روکارەی ترت بۆ دێت:





ئەم روکارە کارە سەرەکیەکەو گرنگەکەی ئێمەی تێدایە کە کلیك لەسەر کۆمبۆ بۆکسی بکە کە نوسراوە Adjusted White Point و نرخی 6500 بگۆرە بۆ 9300k(cool white) یاخود هەر نرخێکی تر کە خۆت پێت گونجاوە. دوای ئەم کارە کلیك لەسەر Next بکەو ئەم روکارەی ترمان بۆ دەردەکەوێت:




لێرەدا دوو ئۆپشنمان هەیە After یان Before ئەگەر تۆ کلیك لەسەر Before بکەیت ئەوا کارەکەمان هەڵدەوشێتەوە وەکو یەکەمجاری لێ دێت. بەڵام ئەگەر After هەڵبژێریت ئەوا گۆرانکاریەکە ئەنجام دەدرێت.

هەر بۆیە ئێمە After هەڵدەبژێرین و کلیك لەسەر Finish دەکەین وەك وێنەی (9) و دواهەنگاو سەیڤکردنەکەمان دیار دەکەوێت:




کلیك لەسەر Save بکەو کارەکەمان بە سەرکەوتویی کۆتایی دێت.

تێبینی ئەم بەرنامەیە لە نێو کۆنترۆڵ پانەڵ لەگەڵ سێت ئەپکردنی بەرنامەی فۆتۆشۆپ پەیدا دەبێت.

هەر بۆیە بۆ هۆی ئەو هەنگاوانەی کە ئێمە کردنمان دەتوانیت ئەو شێوە ئاستە بۆ وشاشەکەت دابنێیت کە خۆت پێویستت پێیەتی و چاوت ئازار نادات.

هەمووشی لە نێو ئەو فایلە سەیڤ دەبێت کە لە کۆتا هەنگاودا باسمان کردوە. کە وەك پرۆفایلێکە بۆ شاشەی کۆمپیوتەرەکەمان.



# ڕونکردنەوەیەك دەربارەی پاتری لاپتۆپ و چۆنییەتی پاراستنی لە تێکچوون

باوکی بەهەشت




کێشەی پاتری لاپتۆپەکان کێشەیەکی گشتگیرە و دووچاری هەموو بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەری لاپتۆپ دەبێتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین سەرەکی ترین کێشە کە لەکاتی بەکارهێنانی کۆمپیوتەری لاپتۆپدا، کە دوچاری بەکارهێنەرانی دەبێت بریتییە لە کەم بارگەیی پاتری لاپتۆپەکان. چونکە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا پاترییەکان تەمەنیان بەسەر دەچێت و ناتوانین لاپتۆپەکە بەهەمان شێوەی پێشتر بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر پاترییەکە کاربکەین بەڵکو دەبێت زوو زوو بارگاوی بکەینەوە یان بەردەوام بەکارەباوە بەکاری بهێنین کە ئەمەش بۆ کۆمپیوتەری لاپتۆپ شتێکی ناوازەیە، چونکە یەك لە تایبەتمەندییە باشەکانی کۆمپیوتەری لاپتۆپ کە لە کۆمپیوتەری ئاسایی دیسك تۆپی جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە هەموو کات پێویستی بە وزەی کارەبا نییە بەڵکو پشت دەبەستێت بەو وزەیەی کە پاترییەکە هەڵیگرتووە. بۆیە ئەگەر بەوردی سەرنج بدەین کاتێك کەسێك دەیەوێت کۆمپیوتەرێکی لاپتۆپ بکرێت هەرچەند شارەزایشی نەبێت، یەکەمین پرسیاری دەڵێت پاترییەکەی چەند کاتژمێر کاردەکات بەبێ ئەوەی پێویستی بە بارگاوی کردنەوە هەبێت؟ چونکە لەم چەند ساڵانەی پێشوو لە هەرێمی کوردستان گرفتی کەمی کارەبا وای لە بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر کرد کە لاپتۆپێك هەڵبژێرین کە زۆرترین ماوە بەبێ وزەی کارەبا کاربکات.

تێکچوونی پاتری لاپتۆپیش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش بەپێویستمزانی لەم بابەتەدا باس لە هۆکارانە بکەم کە دەبێتە هۆی تێکچوونی پاتری لاپتۆپەکان.

یەك لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە دەبێتە هۆی تێکچوونی پاتری لاپتۆپ نەبوونی شارەزایی پێویست و هەروەها نەخوێندنەوەی ئەو کاتەلۆك و مینوەڵەی کە لەگەڵ لاپتۆپەکاندا هەیە، چونکە خراپ بەکارهێنان و نەبوونی شارەزایی لە چۆنییەتی بارگاوی کردنەوەی پاتری لاپتۆپ ڕۆڵی کاریگەر دەبینێت لە تێکچوونی پاترییەکەی، بەواتایەکی تر یەك لەو هۆکارانەی کە یارمەتی زیادکردنی تەمەنی پاتری لاپتۆپەکان دەدات بەشێوەکی گشتی بریتییە لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی دروستی بارگاوکردنەوەی پاترییەکان. جگە لەوەش پاتری لاپتۆپی کۆمپانیایەك بە بەراورد لەگەڵ پاتری لاپتۆپی کۆمپانیایەکی تر جیاوازی هەیە چ لە ڕوی بەرهەمی کۆمپانیاکان و هەروەها مۆدیلی لاپتۆپەکانیش، بۆ نمونە پاتری مۆدێلێکی لاپتۆپێکی دێڵ بەهێزترە لە مۆدێلێکی تر. جگە لەو هۆکارانەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، بۆ ئەوەی تەمەنی پاتری لاپتۆپەکەت درێژتربێت باتشر وایە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەیت:




١ـ لەکاتی کڕینی لاپتۆپی نوێ پێویستە بۆ یەکەمجار پاترییەکەی نزیکەی ١٢ کاتژمێرە بارگاوی بکرێتەوە، واتە بەتەواوی پاترییەکەی بارگاوی (فول شحن) بکرێت پاشان بەکاری بهێنێت.

٢ـ هەمیشە لاپتۆپەکەی بە کارەباوە پەیوەست نەبێت.

www.c4kurd.com

بۆ نموونە زۆرێک لەبەکارهێنەران لەوانەیە ڕۆژانە تەنها یەک کاتژمێر لاپتۆپەکانیان بەکاربهێنن. دەبینن لەوکاتەی کە بەکاری دەهێنێت یەکسەر دەیکات بەکارەباوە، ئەمەش وا دەکات بۆ ماوەیەکی زۆر ئەم پاترییە بەردەوام فول شەحن بێت، بێگومان ئەو فول شەحن کردنەوەیە کاریگەری نێگەتیڤی هەیە لەسەر گەردیلە وزەی پاترییەکە و جوڵەی گەردیلەکان دەمرێنێت و سەرئەنجام دەبێتە هۆی تێکچوونی پاترییەکە.

٣- لەکاتێکدا پاتری لاپتۆپەکەت بارگاوی بکەرەوە کە وزەی پاترییەکەی ٥٪ تا ١٠٪ کەمتربێت. کە ئەمەش تاقیکردنەوەی لەسەر کراوە بەم شێوازە تەمەنی پاتری لاپتۆپەکەت درێژتر دەبێت. وا باشترە ئەم کردارە لە هەفتەیەکدا سێ هەتا چوار جار دووبارە بکرێتەوە بۆ چالاک کردنەوەی جوڵەی گەردیلەکانی پاترییەکە.

لە کۆتایدا جێی خۆیەتی کە ئاماژە بەوەش بدەین نەبوونی بریکاری کۆمپانیای بەرهەمهێنی لاپتۆپەکان لە هەرێمی کوردستاندا هۆکاری سەرەکین لە بەدەست نەکەوتنی پارچەی یەدەک و پاتری بۆ لاپتۆپەکان، هەرچەندە ئەم گرفتە تەنها لەهەرێمی کوردستاندا نییە و زۆربەی وڵاتان ڕووبەڕووی هەمان گرفت دەبنەوە، هەر ئەوەش وایکردووە کە کۆمپانیایەکی بیانی هەستێت بە بەرهەمهێنانی پاترییەکی جۆکەر بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە، کە باترییەکەی بەشێوەی (External) دیزان کردووە واتە بەشێوەی دەرەکی لە لاپتۆپەکەت دەبەسترێت و دەتوانیت بۆ کاتێکی زیاتر لاپتۆپەکەت بەکاربهێنیت. ئەم باتری لاپتۆپە کەناونراوە (Universal external battery) بەرهەمی کۆمپانیای (laptop battery express)ـە. بەشێوەیەکی گشتی باترییەکە لەتوانیدایە ٤کاتژمێر وزە بۆ زۆربەی لاپتۆپەکان دابین بکات، هەروەها کۆمپانیاکە ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە ئەم باترییە دەتوانرێت لە ١٠٠٠٠جۆری لاپتۆپی جیاواز ببەسترێت کە بەشێوەی (USB) پەیوەست دەکرێت بەلاپتۆپەکەوە.




تێبینی: ئەو ڕێنماییانەی باسکران سەبارەت بە بارگاوی کردنەوەی پاتری لاپتۆپ بۆ ئامێری مۆبایلیش دەتوانی

# خێراترین بەرنامە بۆ زانینی تەواوی زانیاری کۆمپیوتەرکەت

بەرنامەی Speccy قەبارەکەی زۆر بچووکە و تەنها ١,٧ میگابایتە، بەڵام بەرنامەیەکی زۆر پێشکەوتووە و خێرایە لە پێدانی سەرجەم زانیاری و مواسەفاتەکانی ئامێری کۆمپیوتەر.

Speccy لەمیانی تەنها چەند چرکەیەکدا تەواوی زانیارییەکانی Hardware و پلەی گەرمی پێکهاتەکانی ئامێری کۆمپیوتەرکەت پیشان دەدات. بەهۆی ئەم بەرنامەوە دەتوانیت بە ئاسانی زانیارییە پێویستەکانی وەکو جۆری و قەبارەی سەرجەم پێکهاتە سەرەکییەکانی ئامێری کۆمپیوتەر. دوای سێتئەپکردنی بەرنامەکە (کە تەنها چەند هەنگاوێکە) و ئیش پێکردنی، لەماوەی نزیکەی ٣٠ چرکەدا لە لاپەڕەی سەرەکی بەرنامەکە




و لە بەشی Summary کورتەی زانیاری و مواسەفاتەکان پیشان دەدات.

هەروەها بەشێوەی بەش بەش درێژەی زانیارییەکان لەسەر تەواوی بەشەکان: سیستەمی ئیشپێکردن Operating System، معالیج CPU، رام RAM، مەزەربۆرد Mother Board، کارت شاشە Graphics، پارچە هاردەکان Hard Drives، دیسکەکانی تر Optical Drives وەک فلاش و هاردی دەرەکی و ساوند کارت .. تد دەخاتەڕوو.

تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری ( Speccy ) هەیە.

www.c4kurd.com




# زیادکردنی فۆڵدەرو درایڤەر بۆ لیستی Send To


ئا: ئاراس عەبدوڵا سەعید

زۆرێك لەبەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر حەز دەکەن گۆڕانکاری لە شێوە (یان زیادکردنی) لیستی Send to بکەن، لیستی SendTo بریتیە لەو لیستەی کاتێك کلیك لای ڕاست لە فایلێك یان فۆڵدەرێك دەکەیت و دەتەوێت بینێریت بۆ شوێنێکی تر. وەکو دەزانن ئەو لیستە چەند بەشێکی تێدایەو ستاندەردە. بەڵاّن تۆش دەتوانیت فۆڵدەرو بەشە هاردی خۆتی بۆ زیاد بکەیت. ئەم کارە لە ویندۆز ئێکس پی زۆر ئاسانە:


1) بە ماوسەکە دەچینە سەر (Start) و کلیك (Run) دەکەین، لە خانەکەدا (sendto) دەنووسین و ok دەکەین:




ئەم ڕوکارەت بۆ دەردەکەوێت:




٢) ئەگەر بتەوێت فۆڵدەرێك دروست بکەیت ئەوا لە بەشی لای دەستە چەپ کلیك (Make a new folder) دەکەیت دواتر ناوی دەنێیت (Enter) بکە:




٣) بۆ دروست کردنی (Shortcut) بۆ هەر درایڤێك یان فۆڵدەرێك ئەوا:

أ) کلیکی ڕاستی ماوس دەکەین New > Shortcut



و دوای ئەوە ڕوکارێکمان بۆ دەردەچێت.


ب) کلیکی ( ...Browse) دەکەین Local Disk(F:) هەڵدەبژێرین ( OK) دەکەین،






www.c4kurd.com


ئەم روکارەمان دەداتێ  Next دەکەین:




جـ) دواتر ( Finish) دەکەین:




٣) لە کۆتایی دا ویندۆی  Sendto  دادەخەینەوە، وکاتێك لیستی  Send to  دەکەینەوە کە ئەبینین Local Disk(F:) بۆ لیستەکە زیاد بووە:




# چارەسەرکردنی جام بوونی دیسکتۆپ و تاسك بار

صەنعان بارزانی sanan_khalil@yahoo.ca

زۆرجـار کۆمپیوتەرەکەمان توشی جام بون دەبێت و بەتایبەت کاتێك ماوسەکەمان لەسەر دیسکتۆپ دەوەستێت و ناجوڵێت. یاخود شریتەکەی خـوارەوە جام دەبێت و ناتوانین کلیکی لەسەر بکەین. بۆ ئەم مەبەستە ئەم رێگەیەی خوارەوە دەتوانین خۆمان رزگار بکەین. سەرەتا بچوو بۆ سەر (start) دواتر (Run) پاشان لە ناو ئەو لاکێشەیەدا دەنووسین (regedit) وئەنجا کلیکی (ok) دەکەین.

دواتر ئەم بۆکسەمان بۆ دەکرێتەوە دوو کلیك دەکەین لە سەر (HKEY_CURRENT_USERS )

ئینجا دوو کلیك بکە لەسەر (SOFTWARE)


ئینجا دوو کلیك چەپ بکە لەسەر (Microsoft)

ئینجا دوو کلیك چەپ بکە لەسەر(Windows)

ئینجا دوو کلیك چەپ بکە لەسەر(CurrentVersion)

ئینجا دوو کلیك چەپ بکە لەسەر(EXPLORER)

ئینجا لە لای راستی پەنجەرەکەوە دوو کلیك چەپ بکە لەسەر (EXPLORER)و بزانە DesktopProcess




هەیە ئەگەر هەبوو دەبڵ کلیکی لێ بکەو  نرخەکەی بگۆرە لە (0) بۆ (1) بەڵام ئەگەر نەبوو ئەوا  برۆ لای راستی ویندۆزەکە و کلیکی راستی لە سەر بکە و New هەڵبژێرە ، دواتر فرمانی  value DWORD هەڵبژێرە.

دەبینین نوسینێکی تازە پەیدا دەبێت بەم ناوەوە New Value #1 کە ئامادەیە بۆ ناونان ،

بۆیە ئێمە ئەو ناوە دەگۆرین بۆDesktopProcess.

پاشان دوو کلیکی لەسەر بکە و نرخەکەی بگۆرە لە (0) بۆ (1)

www.c4kurd.com



# زیادکردنی قەبارەی کارتی شاشە

زکریا علی محمود – مامۆستای پەیمانگەی کۆمپیوتەری هەولێر


زۆر جار وا ئارەزووت دەبێت کە یاریەك دابەزێنێتە سەر کۆمپیوتەرکەت بۆ ئەوەی کەمێك یاری بۆخۆت بکەیت بەلام کارتی شاشەکەت بچووکە و ناتوانی یاریەکە ئیش پێ بکەیت یان هەندێ یاری ئیش ناکەن لەسەر کۆمپیوتەرەکەت بەهۆی کەمی قەبارەی کارتی شاشەکەت بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانی لەناو بایۆس دا هەڵبستین بە زیادکردنی قەبارە و خێرایی کارتی شاشەکەت پەنا بە خوا لەخوارەوە هەنگاو بە هەنگاو روونی دەکەینەوە.

کرداری زیاد کردنی خێرایی کارتی شاشەی کۆمپیوتەرەکەت لە ڕێگای بایۆس بەئاسانیەوە ئەم کردارەش پێویستی بە چوار پرۆگرام هەیەکە ئەمانەن:


ATi BIOS-Editor ، RivaTuner ، Winflash ، GPU-Z

بەشی یەکەم:

سەرەتا هەڵدەستین بە دابەزاندنی پرۆگرامی GPU – Z بۆسەر کۆمپیوتەر و پاشان کردنەوەی پرۆگرامەکە وە شێوەی پرۆگرامەکەش وەکو ئەم وێنەیە:




دواتر کلیك لەسەر ئەو ئایکۆنە بچوکەی پاڵ BIOS Version دکەین روکارێکمان بۆ دەردەکەوێت بۆ سەیڤکردن و سەیڤی بکە و دوای ئەوە پێت دەڵێت قەبارەی فایلەکە ئەوەندەیە وەکو ئەو وێنەیەی خوارەوە:





بەمەش کۆتایی بە بەشی یەکەم لەم کردارە دەهێنین.

بەشی دووەم:


سەرەتا هەڵدەستین بە دابەزاندنی پرۆگرامی ATi BIOS-Editor بۆسەر کۆمپیوتەر و پاشان کردنەوەی پرۆگرامەکە وە شێوەی پرۆگرامەکەش بەم شێوەیە:





لەسەر پرۆگرامەکە دەچینە سەر لیستی فایل پاشان دەچینە سەر Open original rom ئینجا کلیك دەکەین:





دەستنیشانی شوێنی هەڵگرتنی فایلە بایۆسە هەڵگیراوەکەی پێشوو دەکەین پاشان دەستنیشانی فایلەکە دەکەین و ئینجا Open ی دەکەین:




حاڵەتی Low 3D Clocks و High 3D Clocks لەگەڵ بەرزکردنەوەی ڤۆلتیەکەی زۆر بەکەمی لە حاڵەتی High 3d:




پاش ئەو کردارانەی کە کردمان دەچینە سەر فەرمانی File پاشان هەڵگرتنی فایلەکە save modded rom As دەبینین دوو فایلمان بۆ دروست دەبێت فایلی اصلی و ئەو فایلەی کە دەستکاریمان کردووە وەک لەم وێنەیە پیشان دراوە:





بەمەش کۆتایی دێنین بە دەستکاری کردنی فایلی بایۆس:


ئێستا دێینە سەر قۆناغی کۆتایی لەم کردارە ئەویش بریتی یە لە گواستنەوەی فایلی دووەم کە دەستکاریمان کردووبوو بە ناوی RV630_mod بۆ کارتی شاشە.

ئەمەش بە پرۆگرامی Winflash دەبێت


سەرەتا هەڵدەستین بە دابەزاندنی پرۆگرامی Winflash بۆسەر کۆمپیوتەر و پاشان کردنەوەی پرۆگرامەکە وە شێوەی پرۆگرامەکەش بەم شێوەیە:





پاشان کلیك لەسەر فەرمانی فایلی Load image دەکەین لەوێنەی پێشوو پاشان دەستنیشانی شوێنی فایلی فایلە دەستکاری کراوەکە دەکەین و کلیکی لەسەر دەکەین و ئینجا Open دەکەین:




پاشان كلیك لەسەر فرمانی Program دەکەین و پاش نزیکەی دوو چرکە ئەو کردارەی کردیتمان و ئەو گۆڕانکاریەی لە بایۆسی کردیتمان بۆمان ئەنجام دەدات:




پاش کۆتایی هێنان بەم کردارانە کۆمپیوتەر داوای Restart دەکات و کارەکانی کردیتمان پیشانمان دەدات وەك لەم وێنەیەی خوارەوە:




لەم وێنەیەی دواتر هەموو کردارەکان دەتوانین ببینین کە گۆڕاتکاری تێدا کراوە:



تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری ( VGA ) هەیە.

## ئاگادارییەك بۆ نووسەرە بەڕێزەکانی
## سی فۆر کورد

ئاگاداری هەموو ئەو نووسەرە بەڕێزانە دەکەینەوە کە بابەت بۆ (سی فۆر کورد) دەنووسن لەکاتی نووسینەکانیاندا ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن:

1- تا بکرێت بابەتەکان بە (یونیکۆد) بنووسرێت.
2- ئەگەر پێتان باش بێت وێنەیەکی کەسی لەگەڵدابێت.
3- ئەگەر بکرێت ئیمەیل و ژمارەی مۆبایلی لەگەڵ دابێت بۆ پەیوەندی کردن لەکاتی پێویستدا دابزانرێ ئیمەیڵەکە لەگەڵ بابەتەکە.
4- هەوڵ بدرێت هەڵەی زمانەوانی کەم بکرێتەوە.
5- ڕەچاوی بنەماکانی ڕێزمان و خاڵبەندی بکرێت.
6- با بابەتەکان وێنەی ڕوون کردنەوەی لەگەڵ دابێت.
7- تا بکرێت بابەتەکان سەرچاوەیان لەگەڵدا بێت.
8- بابەتەکان لە شوێنی تر بڵاونەکرابنەوە.
9- بابەتەکان بەرواری 15 مانگ بگات بەدەستمان.
10- بابەتەکان لە ڕێگەی ئەم ئیمەیڵەی خوارەوە ڕەوانە بکەن: np@c4kurd.com

www.c4kurd.com